# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی هەشتەم ژمارە (170) بەرواری 1–7–2024 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقیعەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل11


بەشی یەکەم

## وتەی ژمارە

# هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چییە؟

دوای چەندین جار دیاریکردنی رۆژی هەلبژاردن لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی!! کوردستانەوە، کەچی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، نەیانتوانی لەسەر هیچ کام لە وادەکان رێ بکەون. ئیستاش کە وا نیشان دەدرێت وادەیەکی تر بۆ هەڵبژاردن دیاری دەکرێت و ئەمجارە هەموو لایەنەکان ئامادەی بەشداری کردنن و ناوی خۆیان تۆمار کردووە، بەڵام دوبارە پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، نادیار و پڕ گرێ و کێشەیە.

کێشەی سەرەکی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەجیا لە کێشەو گرفتەکانی خولەکانی پێشووی، ریشەی لە هەلومەرجی نوێی سیاسی کوردستان و ئەو ئاڵوگۆرانەدایە کە بەسەر دۆخی عێراق و بەدیاریکراوی بەسەر هەرێمدا هاتووە.



پیگەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هێندە لاواز بووە، هیچ هەڵبژاردنێک ناتوانێت، هاوسەنگی هێزی بۆ بگێرێتەوە یان رێگا لە رەوەندی داکشانی رۆژ بەرۆژ زیاتری بگرێت. رەوەندێک کە بەرلەوەی ئاکامی هێرش و گوشارەکانی بەغدا بێت، ریشەی لە بن بەستی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کورد دایە.

هیچ هەڵبژاردنێک لە خولەکانی پێشووی هەرێمدا، نەک نەیتوانیووە دیزانی سیاسی و هەرێم و پێگەی هێزەکان بگۆرێت، بەڵکو جگە لەخۆ دوبارەکردنەوەیەکی دی، چی تری بەدواوە نەبووە، جیا لەوەش هیچ کام لە هەڵبژاردنەکان، نەک نەیتوانیووە ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەرەو باشتر ببات، بەڵکو تا هاتووە ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و ماف و خزمەتگوزارییەکانیان بەرەو خراپتر و ویران بوونی زیاتر بردووە.

هەردوو فاکتی دارمانی دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و پێکهاتەی حزبۆکراتی پشت بەستوو بە هێزی چەکدار دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هۆکاری سەرەکی شکستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و مەبنای دوور کەوتنەوەیەتی لە ئەنجامدانی هەر هەلبژاردنێکی باوی دنیا و پیکهێنانی هەر جۆرە پەرلەمان و حکومەتیکی ئاسایی دنیای ئەمرۆ.

دیارە نەبوونی قەوارەیەکی دەولەتیش دەتوانێت هۆکارێک بێت، کە ببێتە هۆی ئەوەی حکومەت و پەرلەمان نەتوانن ئەو رۆڵە بگێرن، کە لە

بۆ لاپەڕە 2

# هەڕەشەو گوشار بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازییەکە!



لە بەردەوامی گوشارو هەڕەشەکانی جمهوری ئیسلامی بۆسەر دەسەڵاتی سیاسی هەرێم و سەردانی سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەلی باقری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، گوشارەکان لەسەر حزب و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان توندکراوەتەوە. دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمدا گوشاریان خستۆتە سەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی تا بنکەو بارەگاکانیان بگوازنەوە بۆ ئەو کەمپانەی کەبۆیان

بۆ لاپەڕە 3

# دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرپرسیاری سەرەکی قوربانیانی دەریاکان و سنورە مەترسیدارەکانن!



رێک دوو رۆژ دوای رۆژی جیهانی پەنابەران، بەرواری ٢٢ی ئەم مانگە دوو بەلەم لە دوو روداوی جیاوازی یەک بەدوای یەکدا، لە ئاوەکانی دەریای ناوەراستدا نقوم بوون. ئەم دوو بەلەمە کە سەرنشینەکانی ئیرانی و کورد و سوری بوون، لە ئاکامی ئەم نقوم بوونە نزیکەی ٧٠ کەس کە ژمارەیەکی زۆریان منالّن، گیانیان

بۆ لاپەڕە 4

**دەیان و سەدان چالاکوان و کەسایەتی سیاسی، نووسەر و رۆژنامەنووس، ئەدیب و هونەرمەند و خەڵکی ئازادیخواز... لە رێگای راگەیاندنێکەوە دوای راگرتنی گوشارەکان بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەکەن ...ل3**

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ بکوژی خواناس و چەند سەرنجێك........ل4
- بەرێز عەلی مەحمود وەلامی پرسی رۆژی داوەتەوە.......................ل5
- دونیایەکی باشتر مانفێستی کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمەیە.........ل5
- خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن... نوێنەرایەتی خەڵکی و ڕەچاوکردنی.......ل6
- ئۆتۆمبیلی کارەبایی چین و زیادکردنی باج لە ئەمریکا و ................ل7
- نامەیەکی لینین بۆ کرێکاران و جوتیارانی ئۆکرانیا.........................ل10

پرسی رۆژ ل5 | کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

# درێژەی وتەی ژمارە

ولات و لەچوارچیوەی قەوارەیەکی دەوڵەتیدا هەیە، بەڵام ئەمە بەهیچ جۆرێک ڕیگری لەوە ناکات کە دەستاو دەست کردنی دەسەلات، هەڵبژاردنی دوور لە هیزی چەکدار، و قبولکردنی ئاکامەکانی هەلبژاردنی تیا، ئەنجام بدریێت.

هەموو دەسەڵاتێک خاوەنی قەوارەی دەوڵەتی بێت یان نا، لە ژێر سایەی دەسەلاتەکەیدا دەتوانیت هەلبژاردن بکات و دەسەڵاتی خۆی چ بە شێوە بۆرژوازییەکەی "نوینەرایەتی و پەرلەمانی" یانیش "ڕاستەوخۆ و ئازادانەی لە خوارەوە" جیگیر بکات.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، پابەندی هیچ کام لەو جۆرە هەڵبژاردنانە نەبووە و نابێت. نە دەیەوێت هەلبژاردنێک بکات کە هەژموونی چەک و پارە و دەستێوەردانی دەرەکی تیایدا بڕیاردەرو یەکلاکەرەوە نەبیت و نە دەست دەبات بۆ هەلبژاردنێکیش کە لەخوارەوە بەشێوەی ڕاستەخۆ و تا ڕادەیەک ئازادانە بەڕیوە بچیت و ئاڵوگۆر بەدوای خۆیدا بهێنێت.

پارتی و یەکێتی و سەرجەم هێزەکانی تری فەلەکی ئەم دوو هێزە لە ئۆپۆزیسیۆندا، تا دەگاتە ڕەوتە ئیسلامیەکان...ئامادە نین دەست بەرداری دەسەلاتی حزبی و حزبۆکراتی بن و مل کەچی حکومەت و پەرلەمان ببن. بۆیە هەرگیز ناتوانن حکومەت وپەرلەمانێک پیک بهێنن، کە خۆیان بڕوایان پێی هەبێت و ملکەچی بن... واتە ناتوانن ملکەچی دامەزراوە شەرعییەکانی خودی بۆرژوازی!! ببن.

پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان، حکومەت و پەرلەمانێکی کارتۆنی و بۆشیان دەوێت، کە ڕەوایەتی دەسەڵاتی حزبی و میلیشییان مۆر لێبدات و ڕەوایەتی بە فەرمانڕەوایەتیان بدات، بێ ئەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان بخاتە بەردەم مەترسی لەناو چوونەوە.

ئێستا دوای زیاتر لە ٣ دەهە لە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە دۆخێکدا کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد" پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانی" لەبەرامبەر بە هەژموونی بەغدا لاواز بووە و وەکو خۆیان دەڵێن" قەوارەی هەرێمی کوردستان" لە بەردەم مەترسیدایە، ڕووبەڕوون لەگەڵ زۆر کیشەی تازە. هاوکات بەرین بوونەوەی کەلێنی نیوان دەسەڵات و خەڵکی کوردستان بەجێگایەک گەیشتووە، کە لە ململانێی دەسەڵاتی هەرێم و بەغدادا، خەڵکی کوردستان هیچ بەرگرییەیەک یان ڕەوایەتییەک بە دەسەڵاتی هەرێم نادەن، تەنانەت بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان، بەهۆی کارنامەیەک کە دەسەڵات لە هەرێم هەیەتی و نیشانیداوە، پشتیوانی لە دەسەڵاتی ناوەندی دەکەن و گوێ بەناوەرۆک و پەیامی هیزەکانی بۆرژوازی عێراقی نادەن و وەکو فریاد ڕەسێک لێی دەڕوانن!!.

لەم هەلومەرجەدا، کە لەلایەکەوە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە ژێر گوشاری بەردەوامی بەغدا و لەلایەکی ترەوە لە گوشاری ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و لەوەش زیاتر بە توندی لەبەردەم هوشیاریەکانی ڕێکخراوە نەتەوەیەکگرتوەکاندایە بۆ یەکخستنی "هیزی پێشمەرگە"، کەوتۆتە نیوان چەندین بەرداشەوە بێ ئەوەی لە بەرامبەریاندا، کارتێکی بەدەستەوە بێت و ڕیگایەکی دەرباز بوونی هەبێت... ئەوە سەرجەم بۆرژوازی کوردی لەگەڵ ئەزمەیەکی خنکێنەر ڕووبەڕووکردۆتەوە، ئەزمەیەک کە بەخۆ هاوێشتنە ناو باوەشی بەغدا و مل دان بە جێ بەجێکردنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵییش، ناتوانێت خۆی لێ دەرباز بکات...

ئەگەر تا پێش کارابوونی بڕیارەکانی دادگای فیدرالی، پارتی و یەکێتی بەبێ هەڵبژاردنیش هیزی بێ ڕکەبەر لەئاستی عێراق و هەرێمدا بوون و ئامادەنەبوون گوێ بە هەڵبژاردن و ئاکامەکانی بدەن و سەراپای سیناریۆکە بەدەستی خۆیان بوو، ئیتر ئەوە گۆرانی بەسەردا هاتووە و سیناریۆی هەڵبژاردن، چۆنیەتی بەڕیوەبردن و چاودیری کردن و ئاکامەکانی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی ناوەندی و دادگای فیدرالی و چاودیری و کاردانەوەی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندایە. ئەم ئاڵوگۆرە، دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی خستۆتە بەردەم ئالوگۆرێکی حەتمی بێ گەرانەوە. ئاڵوگۆرێک کە بەجیا لەوەی هەژموون و بڕیاری سیاسی زۆری لەدەست دەرهێناون، خەریکە ڕەوایەتی دەسەلاتی بەزۆر داسەپاوی حزبیان دەخاتە بەردەم لیپرسینەوەو زۆری چەک و دەسەڵاتی حزبۆکراتیان دەخاتە بەردەم چەکی یاسایی!! هەڵبژاردنەکان و بەو جۆرەی پیشوو ناتوانن مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکانی بکەن... بۆیە ئەگەر دواخستنی هەڵبژاردنەکانی پیشوو، دریژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، بە پلەی یەکەم ریشەی لە ململانیی ناوخۆیی نیوان پارتی و یەکێتیدا بوو، ئێستا دواخستنی هەڵبژاردنەکان و ریشەی لە ئاڵوگۆری بناغەیی لەسەر ئاستی عیراق دایە.

ترس لە هەڵبژاردن، بۆ پارتی و یەکێتی تەنها ترس نییە، لە کەم و زۆرکردنی دەنگەکان و گۆرانی باڵانسی نێوانیان، بەڵکو ترسی بنەرەتی ئەوەیە کە دەسەڵاتی حزبۆکراتیان لاواز و دەخاتە خزمەت بە دەسەڵاتی یاساییەوە!! و سەرەتای چەکککردن و داماڵینی حزبە لە چەک و هیزی چەکداری حزبی و تواندنەوەیەتی لە چوارچیوەی سوپا و هیزی بەرگری عیراقیدا، لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیدا، بەهەمان شیوە سەرەتای تیکەڵکردنی دەزگا ئەمنی و ئاژانستی ئاسایشی هەرێمە، لە چوارچیوەی ئاسایشی سەراسەری عیراقدا... هەموو ئەمانە بە مانای چەکککردن و داماڵینی پارتی و یەکێتییە، لەو هیزەی مەبنای مانەوە و دەسەڵاتیان بووە چ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ناوەند و چ بەسەر خەڵکی کوردستاندا.

پڕۆسەی بچووککردنەوە و داماڵینی هێواش هێواشی حزب لە هێزی چەکدار و دەزگای ئەمنی و کۆماندۆ... بەمانای وشەکە پرسی هەڵبژاردنەکان دەگورێت... ئەو ڕەوەندەی ئیستا بەرێگاوەیەو هەڵبژاردنەکان گۆشەیەک لە مەیدانی یاسایی و حقوقیەکەیەتی، تەواوکاری ڕەوەندی چرکردنەوەی دەسەڵات لەناوەند و لاوازکردن و تواندنەوەی دەسەڵاتی لۆکاڵی و فیدرالی هەریمە، له چوارچێوەی دەسەڵاتی فیدرالی سەراسەریدا.

**پڕۆسەی بچووککردنەوە و داماڵینی هێواش هێواشی حزب لە هێزی چەکدار و دەزگای ئەمنی و کۆماندۆ... بەمانای وشەکە پرسی هەڵبژاردنەکان دەگورێت... ئەو ڕەوەندەی ئیستا بەرێگاوەیەو هەڵبژاردنەکان گۆشەیەک لە مەیدانی یاسایی و حقوقیەکەیەتی، تەواوکاری ڕەوەندی چرکردنەوەی دەسەڵات لەناوەند و لاوازکردن و تواندنەوەی دەسەڵاتی لۆکاڵی و فیدرالی هەریمە، له چوارچێوەی دەسەڵاتی فیدرالی سەراسەریدا...**

دواکەوتنی پرسی هەڵبژاردنەکان و چەندجارە دیاریکردنی کات و بەجێگایەک نەگەیشتنی، تائیستا بەمانای بەرەنگاری و وەستانەوەی دەسەڵاتی هەرێمە بەرووی ئەو ڕەوەندەدا، کە لە عێراقدا دەچیتە پیشەوە و هەرێم لەچوارچێوەکەیدایە... پارتی وەکو هیزی باڵادەستی هەرێم و چنگ گیربوو لەهەموو جومگەکانی ئابوری و بڕیاری سیاسی و حکومەتداری!! لە هەرێمدا، ناچارە سەرسەختی بەرامبەر بە بەغدا بکات و دەستی نارەزایەتی بەرامبەر بە خیرایی و بێ ڕەحمی بۆرژوازی عێراقی بەرز بکاتەوە، لە کاتێکدا یەکێتی ئەو سەرسەختیەی نییەو خوازیارە، بەدڵئاوالایی بەرامبەر بە بەغدا، هەم سەنگی پارتی لاوازتر و هەمیش خۆی زوتر لەگەڵ عێراقی نوێ بگونجێنێت.

ئەم ڕەوەندە هێشتا پیویستی بەکاتی ترە، بەتایبەتی پارتی پێویستی بەخۆ ڕاوەشاندنە، تا ئەو سڕ بوونە بەری بدات کە بەبڕیارەکانی بەغدا، جەستەی شەکەت و شلوێ کردووە. دوای ئەوەش ناچارە لە پرۆسەیەکی دیاریکراودا، مل بە بەغدا و سیاسەتەکانی بدات، لە بەرامبەر بە ئیمتیازێکدا کە بەغدا لەبەڕێوەبردنی هەرێمدا بە پارتی دەدات و بەم شیوەیەش پرسی هەڵبژاردنەکان، ئیتر لە دۆخێکی نوێ و لەهاوسەنگیەکی تازەدا دەچێتە پیشەوەو بەڕێوەدەچێت کە تەواو جیاوازە لەو هەڵبژاردنانەی لە خولەکانی پێشوودا، لە هەرێم ئەنجامدراون.

**عەبدوڵا مەحمود**

**سەرەتای تەموزی ٢٠٢٤**

**دواکەوتنی پرسی هەڵبژاردنەکان و چەندجارە دیاریکردنی کات و بەجێگایەك نەگەیشتنی، تائیستا بەمانای بەرەنگاری و وەستانەوەی دەسەڵاتی هەرێمە بەرووی ئەو ڕەوەندەدا، کە لە عێراقدا دەچیتە پیشەوە و هەرێم لەچوارچێوەکەیدایە... پارتی وەکو هیزی باڵادەستی هەرێم و چنگ گیربوو لەهەموو جومگەکانی ئابوری و بڕیاری سیاسی و حکومەتداری!! لە هەرێمدا، ناچارە سەرسەختی بەرامبەر بە بەغدا بکات و دەستی نارەزایەتی بەرامبەر بە خیرایی و بێ ڕەحمی بۆرژوازی عێراقی بەرز بکاتەوە...**

# درێژەی: هەڕەشەو گوشار بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان و هەموو ئازادیخوازییەکە!

دیاریکراوەو دیاری دەکرێت. دیارە ئەو گوشارانەی سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ڕێکەوتنی ئیران لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراقدا کراوە، کەوەک لقێکی خۆیان لە عێراقدا مەئموریەتی جمهوری ئیسلامی جێ بەجێ دەکەن.

ئەو هەوڵ و گوشارانەی دەوڵەتی ئیران و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسییۆنی ئیرانی، هەوڵێک نییە تەنها بۆ دوورخستنەوەی بنکەو بارەگاکانی هێزەکانیان بۆ ناو قوڵایی زیاتری عیراق یان دورخستنەوەیان لە سنورەکان، بەلکو هەوڵ و گوشارێکی بە نەخشەیە تا حزب و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لە حزب و ڕێکخراوەی سیاسیەوە بگۆڕن بە ژمارەیەک لە خەڵکی پەنابەری کۆنترۆڵکرا و کەمپ نشین. ئەم سیاسەتەش پێچەوانەی هەموو مامەڵەیەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتییە سەبارەت بە هەڵسوڕانی سیاسی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و مافەکانیان.

جمهوری ئیسلامی کە لەژێر گورزی بزوتنەوە" ژن، ژیان، ئازادیی" دا، پەل و پۆ دەکوتێت و توانای پشت ڕاستکردنەوەی نییە، لەلایەکەوە لەناوخۆی ئیراندا بەردەوامە لە سەرکوت و هەوڵەکانی بۆ گێڕانەوەی هەیمەنەی تێک روخاوی لەبەرامبەر بە بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری و ڕاسانی ژنان و لاواندا و لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت بە گوشار هێنان بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، گورزی سیاسی لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتەجی لە کوردستانی عێراق بدات و لە هێزی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنەوە بیانکات، بەئاوارەی کەمپ نشینی ژێر سایەی یوئین و ڕێکخراوە ئینسانیەکان و جیگای بەزەیی پیداهاتنەوە و لێقەوماوی ئاوارە.

چ هەوڵی جمهوری ئیسلامی و چ گوشارەکانی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی، هەوڵ و گوشاری سیاسی و دژە ئینسانین. نەک تەنها رووبەرووی هیزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، بەلکو هیرشە بۆسەر ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستانی عێراق و هەموو ئازادیخوازییەک.

خەڵکی کوردستانی عیراق و هەموو هیز و حزبە سیاسی و جدییەکانی کە بروایان بە ئازادی هەلسورانی سیاسی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکانی ناوچەکە و بەرگری لە هەڵسورانی سیاسیان هەیە، لە هەرێمدا، پێویستە رووبەرووی هەوڵە دژە ئینسانی و سەرکوتگەرەکانی جمهوری ئیسلامی و گوشارەکانی دەسەڵاتی هەرێم بن بۆسەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیران و مەرجە قابیلی جێبەجێ نەکراوەکانیان.

خەڵکی کوردستانی عێراق، کە چاوی ئومێدیان لە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی ئیران و بزوتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" یە، ئەرکیانە بەهەموو شێوەیەک بەرگری لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و هەڵسورانی سیاسی و مافەکانیان بکەن و بەدژی گوشارەکانی سەریاندا بوەستنەوە و بەکردەوەش بۆ هەموو هاوکارییەک و بەرگری لێکردنیان ئامادەبن.

جێگای باسە لەچوارچێوەی نارەزایەتی بە هەرەشەکانی جمهوری ئیسلامی و گوشارەکانی دەسەڵاتی هەرێمدا بۆسەر هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی و هەڵسورانی سیاسیان دەیان و سەدان چالاکوان و کەسایەتی سیاسی، نووسەر و رۆژنامەنووس، ئەدیب و هونەرمەند و خەلکی ئازادیخواز.... لە ڕێگای ڕاگەیاندنێکەوە دوای ڕاگرتنی گوشارەکان بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی دەکەن... ئەمەی خوارەوە دەقی یاداشتی نارەزایەتیەکەیە:

## دەقی یاداشتنامەکە:

دەیان رۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی خاوەن هەڵوێست

گوشار لەسەر حزبەکان و پەنابەرانی سیاسی رۆژهەڵات راگرن.

بابەت/ یاداشتنامە

حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، مافی چالاکی سیاسی و مەدەنی ئازادانەیان هەیە لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەردانی سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران "عەلی باقری" بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، گوشارەکان لەسەر حزبەکانی رۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان توندکراونەتەوە.

هەر یەک لە (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران- کۆمەڵە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕ□گێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی- ئێران) لەلایەن ئاسایشی حکومەتی هەرێم ئاگادارکراونەتەوە کە (زرگوێز و زرگوێزەڵە و بانە گەورە) چۆڵ بکەن و وەک ئاوارە بگوازنەوە بۆ کەمپی ئاوارەکان لە عەربەت و سورداش.

کۆمەڵە زیاتر لە 35 ساڵە لەو شوێنانە نیشتەجێن و لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە لە خۆشی و ناخۆشی، شین و شایی تێکەڵاوی یەکتربوون و ئەو شوێنانەیان بە هەوڵ و ماندووبوون ئاوەدانکردۆتەوە و بوون بە بەشێک لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان.

ڕێکخراوەکانی رۆژهەڵات، ئاوارەی جەنگ نین، بەڵکو هێز و لایەنی سیاسین لەپێناوی ئامانجی سیاسدا خەبات و بەرەنگای دەکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی لانیکەمی دیموکراسیەت لەو وڵاتەدا کە ڕێگەی لێگرتوون هەڵسوڕان و چالاکی سیاسی ئازادانە ئەنجام بدەن بۆیە بەناچاری لە دەرەوەی ئێران (لەوانەش هەرێمی کوردستان) چالاکی سیاسی و مەدەنی دەکەن و یاسا نێودەوڵەتییەکانیش رەوایەتییان بەم مافە بەخشیوە.

ئەوان دوای ڕێککەوتنی ئەمنی پارساڵی حکومەتی (عێراق – هەرێم – ئێران)، پابەندبوون بەوەی سنوورەکانی هەرێم بۆ ئامانج و چالاکی سەربازی بەکارناهێنن و ئۆردوگاکان تەنها خێزانەکانیان و کەسانی سڤیل و منداڵ و بەساڵاچوان تیایدا نیشتەجێن و هیچ سیمایەکی چەکدارییان نییە و بۆ مەبەستی مەشق و مانۆڕی سەربازی بەکاری ناهێنن، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان، چالاکی مەدەن و سیاسی ناکەن.

لە کاتێکدا ئەم هێزانە هەمیشە پشتیوانی خەڵکی کوردستان بوون و بەشدار و هاوکاری ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بەشداری شەڕی داعش بوون بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵک و هەرێمی کوردستان.

گواستنەوەی حزبەکان و پەنابەرانی سیاسی بۆ کەمپی ئاوارەیی زۆرەملێ ژیانیان دەخاتە بەرمەترسییەوە و لە مەنگەنەدانی کار و هەڵسوڕانی سیاسییان، نوێنەکردنەوەی ئیقامەکان و سەختکردنی پێدانی مافی مانەوە، ژیان و گوزەران و ئاسایشی ئەوان بە توندی دەخاتە تەنگانە و مەترسییەوە و پێچەوانەی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیە.

خەڵکی هەرێمی کوردستان بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نابن لە بەرامبەر هەر فشار و هێرشێک بۆسەر کەمپی حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکرێت.

ئەوانەی لە خوارەوە واژۆمانکردووە، داوا لە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم دەکەین مافی هەڵسووڕانی سیاسی و چالاکی سیاسی ئازادانە بە رەسمی بناسن و لەسەر بنەمای ئەوە، گوشار لەسەر حزبەکان و پەنابەرانی سیاسی رۆژهەڵات راگرن، خەڵکی هەرێمی کوردستان، رۆشنبیران، حزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، ڕێکخراوە جەماوەری و مەدەنییەکان، گروپەکانی فشار و چین و توێژەکان، بانگەواز دەکەین بە هەر شێوەیەک دەکرێت پشتیوانی ئازادی سیاسی و دژی پەشێوی و ناسەقامگیری بووەستن کە بەهۆی داگیرکاری دێتە ئاراوە:

**ناوەکان:**

**ئەو هەوڵ و گوشارانەی دەوڵەتی ئیران و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بۆسەر هێزەکانی ئۆپۆزیسییۆنی ئیرانی، هەوڵێک نییە تەنها بۆ دوورخستنەوەی بنکەو بارەگاکانی هێزەکانیان بۆ ناو قوڵایی زیاتری عیراق یان دورخستنەوەیان لە سنورەکان، بەلکو هەوڵ و گوشارێکی بە نەخشەیە تا حزب و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی لە حزب و ڕێکخراوەی سیاسیەوە بگۆڕن بە ژمارەیەك لە خەڵکی پەنابەری کۆنترۆڵکرا و کەمپ نشین. ئەم سیاسەتەش پێچەوانەی هەموو مامەڵەیەکی دەوڵەتی و نێودەوڵەتییە سەبارەت بە هەڵسوڕانی سیاسی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و مافەکانیان...**

# دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بەرپرسیاری سەرەکی قوربانیانی دەریاکان و سنورە مەترسیدارەکانن!

لەدەستدا. دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە یەخت و بەلەم و کەشیتیەکان، لە ئاوەکانی دەریای ناوەراست و ئیجە و... دەکەونە بەردەم شەپۆلە سەرکێش و ترسناکەکانی دەریا و ژێر ئاو دەکەون و هەر جارەش دەیان و سەدان کەس دەبنە قوربانی و خۆراکی دەریا و بەپێی چەند ئامارێک کە ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٢٤ وە، نزیکەی ٢٥ هەزار هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە.

هۆکاری سەرەکی راکردن و جێ هێشتنی هاوڵاتیان لە شوێنی ژیانیان، بە پلەی یەکەم ئەو دۆخە سەختەی ژیان و گوزەران و بێکاری و بێ ئاییندەیی و هەلومەرجی نائەمنی و جەنگە...

لەناو ئەو لەشکرەدا کە رۆژانە دەبنە قوربانی خەڵکی کوردستانی عێراقن و لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا ژیانیان لێ کراوەتە دۆزەخ، بەتایبەتیش لاوانن کە هیچ دەرەتانێکی شیاو بۆژیانیان نییە، بیکاری و بی ئاییندەیی بۆتە مۆتەکەی سەر ژیانیان، بۆیە ناچارن و بەهەر نرخێک بووە دەیانەوێت شوێنێکی شیاو بۆژیانیان بدۆزنەوە و کوردستان جێ بهێڵن... بەواتایەکی تر ئەوە دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە کە پۆل پۆل هاوڵاتیان ناچار بەوە دەکەن، ئەو ریگا پر مەترسی و مەرک چینە هەڵبژێرن و کەبەداخەوە بەهۆیەوە هەر جارەی پۆلێک لە هاوڵاتیان دەبنە قوربانی و خەونی گەیشتن بە وڵاتانی ئەوروپا، لە ریگادا جێ دەهلن.

هاوکات وڵاتانی ئەوروپایی کە دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵی ئابورین و



خەریکی بێکارکردنی کرێکاران و سەندنەوەی مافەکانیانن، هەموو دەروازەکانیان بەرووی پەنابەران و کۆچکردواندا نەک هەر داخستووە، بەڵکو بەشیوەیەکی زۆر وەحشیانە ریگاکانیان پر مەترسی کردووە و سنورەکانیان بە پۆلیس و تەلی درکاوی و کامیرای چاودێری تەنییوە و لەناو وڵاتەکانی خۆشیاندا پەنابەرانیان رووبەرووی هەلومەرجی سەخت و هەڵاواردن کردۆتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە زوربەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا، لەسەر دەستی پەنابەران بەرێوەدەچن.

ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە بانگەشەی پاراستنی مافی پەنابەری دەکەن و شانازی بە دلئاوەلایی و پاراستنی مافەکانی ئینسانەوە دەکەن، بەو پەری خەم ساردییەوە دەروانە مەرگی بەردەوامی هاوڵاتیان. ئەوە لە کاتێکدایە بەشێکی زۆری دۆخی نەخوازراو و نائەمنی بەشیکی زۆری وڵاتانی دنیا، بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاکامی سیاسەتی دەستیوەردان و جەنگەکانیانە.

خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوان، لە کاتێکدا دەبێ دەسەڵاتی سیاسی بە بەرپرسی ئەو هەموو مەرگ و ئاوارەیی و کۆچە ناوەخت و گرتنە بەری ژیانی پەنابەری بزانن و یەخەیان بگرن لەسەر ئەو دۆخە دۆزەخیەی خوڵقاندویانە، هاوکات پیویستە قوڵی خەباتکارانە بە مەبەستی گۆرێنی ئەو دۆخە لێ هەڵبماڵن و کە بتوانن بەدەستی خۆیان ژیانێکی تر و ئایندەیەکی تر دروست بکەن.

# سزای زیندانی هەتاهەتایی بۆ بکوژەکەی خواناس و چەند سەرنجێك؟



سەرەنجام پاش ساڵێک دادگای هەرێم بکوژەکەی خواناس وریا گلی سزادا کە لەسەر بیرورای جیاواز ژیانی لەو گەنجە سەندەوە. دیارە کۆمەڵێک کەسی تر لە بانگخوازانی سەلەفی لە پشتی ئەم تاوانەوەن بەهۆی هاندانی گەنجان بۆ تیرۆرکردنی ئەوانەی باوەڕیان بەدینەکەی ئەوان نییە . بەڵام تا ئێستا ئەمانە ئازادن و لەلایەن دەسەڵاتەوە هیچیان لە بەرانبەردا نەکراوە. من لە پۆستێکی فەیسبوکدا رەخنەم لەم بڕیارە گرت کە زیندانی هەتاهەتاییە. لە بەرانبەردا زۆری ئەوانەی کۆمۆێنتیان نووسی لەدژی من بوون هەندێکیان چەپ وشیوعیش بوون بەشێک لەمانە لەسێدارەدانی ئەم تاوانبارەیان پێ باشتر بوو لە زیندانی هەتاهەتایش لە پێناو چاوترساندنی کۆمەڵگە کە کەس جورئەت نەکا کەسی تر لەبەر بیروڕای جیاواز بکوژێت. سزای سێدارەو سزای هەتاهەتایی دوو سزای دژە ئینسانین دەبێ ئەم سزایانە هەڵوەشێنەوە بۆچی؟ لێ سەندنەوەی ژیان لە ئینسان مافی هیچ کەس نییە، دەبێ ئینسان سزا بدرێ لەبەر تاوان کە ئەنجامی دەدات، بەڵام نابێ ژیانی لێ بسەنرێتەوە، سزای تاوانبار بە چەند ساڵێک دەکرێ واقعی بێت و پاشان بگەڕێتەوە ناو ژیان، بەڵام دەبێ وا لە تاوانبار بکرێ کە پاش گەڕانەوەی بۆ ژیان تاوان ئەنجام نەداتەوە. وەک ئەوەی لە زیندانندا قوتابخانەی بۆ بکرێتەوە و پەروەردە بکرێ بە گیانێکی ئینسان دۆستانەوە بێتە دەرەوە. دەبێ ئەوە بزانین سەرچاوە و هۆکاری تاوان کردن هەلومەرجێکە کۆمەڵگەی چینایەتی بەرهەمیهێناوە، دەبێ ئەم هەلومەرجە نەمێنێ، ئەنجا تاوان نامێنێ. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو وڵاتانەی هەلومەرجێکی زۆر خراپتریان هەیە رێژەی تاوان تیایاندا زیاترە. ئەگەر سزای سێدارەو زیندانی هەتاهەتایش هەیە وەک عێراق وئێران و ئەفغانستان و زۆرێک لەوڵاتە ئیسلامیەکان و عەربیەکان، بە پێچەوانەوە ئەو وڵاتانەی هەلومەرجێکی ئینسانی تریان تێدایە و سزای سێدارەو زیندانی هەتاهەتایان نییە وەک وڵاتانی ئەوروپا وکەنەدا و غەرب رێژەی تاوانیش کەمترە بە بەراوورد بە وڵاتانی یەکەم. ئەو حکومەت و دەسەڵاتانەی سزای سێدارەو زیندانی هەتاهەتایان هەیە زیاتر ئەوانەن کە فاشیست و دیکتاتۆری بۆرژوازی ئاشکران ئەمانە لەجیاتی چاک کردنی ژینگەی تاوان، پەنا دەبەن بۆ ئەم جۆرە سزایە کەبەهۆی ئەمەشەوە کەسانی سیاسی موخالیفیش بەر ئەم سزایانە دەکەون، چونکە موخالف بوون بەدەسەڵات و بە تاوانی ئەزانن وەک سەردەنی بەعس و شاە ئێستای جمهوری ئیسلامی و تورکیا .هتد... کۆمەڵگەی کوردستانیش هەروەک ئەو کۆمەڵگە چینایەتیانە پڕ بووە لە تاوان و تاوانکاری و کوشتن بەهۆی ژینگە و هەلومەرجی ئابوری وسیاسی وکۆمەڵایەتیەوە کە هەر ڕۆژە خراپتر دەبێ. یەکێ لەو تاوانانەی ڕوو دەدات تیرۆری ئیسلامییە بۆ کەسانێک کە باوەڕیان بە ئیسلام نییە. دەسەڵاتی کوردایەتی ئەم هەلومەرجەی خوڵقاندوە بەهۆی دزی وگەندەڵیەکانی خۆیان خەڵکیان هەژارو برسی کردووە و ناچاریان کردوون گوێ لەو بانگخوازو وەمەلا توندڕەوانە بگرن کە فتوای ئەنجام دانی تاوان دەدەن. تا ئەم دەسەڵاتە لە ناو نەبرێ و خەلک خۆی حوکم نەکات و هەلومەرجی ژینگەی بەرهەمهێنانی تاوان لە ناو نەبات تاوان هەردەمێنێ و زیاتریش دەبێ، بەڵام فشاریش بۆ ئەم دەسەڵاتە دەبێتە هۆی پاشەکشەکردنی و گۆڕینی هەلومەرج بەقازانجی خەڵک بۆ نموونە سزای تاوانباران بدات و مووچە بدات و ئاو و کارەبا بدات دین لەدەولەت جیا بکاتەوە مافە مەدەنیەکان بدات و سیکۆلاریزم ببێتە پێناسی حکومەتی هەرێم بەبێ فشارو نارەزایەتی ئەمانە ناکات، چونکە لە بەرژوەندیاندا نییە. بەدیلێک کە ئەتوانێ کۆمەڵگە لە ڕیشەوە بگۆرێ سۆشیالیزم و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادو یەکسان و ئارام و ئاسایشە کە هیچ کەس تێدا تاوان ئەنجام نادات و زیندان پێویست نابێ و نە سێدارەو نەزیندانی هەتاهەتایش ئاسەواری نابێت و کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان لەم ڕێگایەوە دەتوانن بەر بەکوشتن و تاوان بگرن، نەک بە سەپاندنی سێدارە و زیندانی هەتاهەتایی، مارکس زیاتر لە ١٧٠ ساڵ بەر لە ئێستا ئەمەی پێ وتووین کە هیچ کەس مافی سەندنەوەی ژیانی کەسی نییە. سزای هاوشێوەی تاوان تاوانە و دژی ئەو مەقولەیە بوو کە چاو بەرانبەر چاوە و خوێن بەرانبەر خوێنە وە تاوانیش لەناو ناچێت تا هەلومەرجی بەرهەمهێنانی تاوان هەبێ و بە گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری بۆ سۆشیالیزم تاوانکردنیش لە کۆمەڵگەدا ون دەبێ و نامێنێ. کۆمۆنیزمی کرێکاریش بە گەڕانەوەی بۆ مارکس لە بەرنامەکەیدا ئەوە دیاری کردووە و داوای هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەو و زیندانی هەتاهەتایی دەکات وکۆمەڵگە هان دەدات لەدژی ئەو سزایانە بوەستنەوە.


**نووسینی:**
**سەردار عەبدوڵا حەمە**

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ: چی لەپشت بڕیاری چۆڵکردنی ئۆردوگاکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدایە؟

## بەڕێز عەلی مەحمود وەڵامی داوەتەوە



لەڕێی دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە، پەیامی ی.ن.ک گەیەندراوەتە ٣ هێزی سیاسی ئێرانی (کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، و کۆمەڵەی زەحمەت کێشانی کوردستان ) بۆچۆڵکردنی ئۆردوگای نیشتەجێبوونی ئەو هێزە لە زڕگوێز وزڕگوێزەڵە بۆشوێنێکی دیکە کە تا ئێستا دیارنییە. شایانی باسە بەپێی ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان عێراق-ئێران پێویستە کۆمەڵەکان لەیەک جێگە نیشتەجێبکرێن، و ناوی ناوچەی سورداش وعەربەت هاتووە. جێی ئاماژەیە بەدوای سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان (نێچیروان بارزانی) بۆئێران وسەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆهەرێم، فشارەکان چڕتربوونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندنی ئەوهێزانە، ئەو ئۆردوگایانە لەئێستادا تەنیا خێزان وکەسانی نەخۆش وپەککەوتەی ئەو هێزانەی تێدا دەژین. بەپێی ڕێکەوتنێکی پێشووترەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی هەرێم، هێزی پێشمەرگەی ئەو لایەنانە لەشوێنی دیکەدان ودوورن لەسنوورەکانی ئێران، هەروەها بڕیاریانداوە تەنیا خەباتی سیاسی و ڕێکخستنی ناوشارەکان ئەنجامبدەن.

بەڕای ئێوە؛ پلانی پشتی ئەم هەنگاوە بۆچۆڵکردنی ئەو ئۆردوگایانە چییە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران؟

ئایا ئەو کارە کردەنیە؟ وە ئەگەر جێبەجێبکرێت لێکەوتە سیاسی ومرۆیی وکۆمەڵایەتیەکانی چی دەبن بەسەر ئەو هێزانە پەیوەندیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان؟

بەڕێز (عەلی مەحمود) چالاکوانی سیاسی وەڵامی ئەم پرسەی داوینەتەوە.

عەلی مەحمود:

لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران فشار دەکات بۆ دەرکردنی کۆمەڵەکان و دیموکرات و لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە کامپەکانیان، کە بەشی زۆری دانیشتوانیان خەڵکی سڤیل و ژن و منداڵ و پیرو کەم ئەندامانن, وە چالاکی سەربازییان ڕاگیراوە, لە هەمان کاتدا دەنگۆی هێنانی سەرکردایەتی حەماس هەیە لە لایەن ئێرانەوە بۆ شاری بەغدا. ئەوەی جێگای سەرنج بوو هەواڵەکە لە هەمان ڕۆژدا بڵاو بووەوە ڕۆژی گیانبەختکردنی خانەی موعینی بوو لە ڕێکەوتی ٢١/٦/١٩٧٨ لە گوندی دڕەی نزیک شاری ماوەت. ئامانج لەم هەنگاوە ترسە لە هەڵچوونی جەماوەری خەڵک لە داهاتوو، ڕێگا خۆشکردنە بۆ تیرۆرکردنیان وەک لە ڕابردوودا زیاتر لە ٤٠٠ کەسیان تیرۆر کرا. ئامانجێکی دیکە چەککرنی یەکجارەکی ئەو هێزانەی ئۆپۆزسیۆنە کە چەکدار وهێزی



چەکداریان هەیە. واتا لە بێ کاریگەرییکردنەوە بۆ چەک کردنیان، وە کردنیانە لە هێزی سیاسییەوە بۆ پەنابەر، بەشێوەیەکی گشتی، واتا داماڵینی بەرگی سیاسییە لێیان. لە تەقسیماتی هەرێمی کوردستاندا (مەبەست دووهێزە سەرەکیەکەی هەرێمی کوردستانە لەیەکێتی وپارتی) سلێمانی بەر ئێران کەوتووە، بۆیە ئێران دەیەوێت کۆتایی بەم دومەڵە بهێنێت کە لە ناوچەکانی سنووری ئەو نزیکن. ینک یش دەیەوێت کۆتایی بەم بارە گرانە بهێنێت کە میراتی پەیوەندییەکانی شاخ وهاوپەیمانییە سیاسی وئایدۆلۆجییەکانی ڕابردووە.

******

# دونیایەکی باشتر مانیفێستی کۆمۆنیستەکانی ئەم سەردەمەیە؟!



پاش نووسینی مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست لە لایەن مارکس و ئەنگلسەوە لە ساڵی ١٨٤٨ و پاش بەرنامەکەی حیزبی بەلشەفیک، دونیایەکی باشتر دێت کە لە لایەن مەنسور حیکمەت و ڕابەرانی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە نوسراوە. ئەگەر سەرنج بدرێ ئەم سێ بەرنامەیە لێکچوونی زۆریان هەیە، جیاوازیەکانیان تەنها ئەوەیە بۆ سێ سەردەم و سێ هەلومەرجی جیاواز نوسراون. هەرسێ بەرنامەکە تەواوی خواست و ئامانجەکانی پرولیتاریا لە خۆدەگرن کە سەرەکی ترینیان بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی و ئازادو یەکسانە. بەرنامەی دونیایەکی باشتر بەرنامەی ڕەوتێکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێرە بە پەیڕەوکردنی و لە ڕێگای حیزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاری و کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی ڕوو دەدات لە کۆمەڵگەدا و ڕزگاربوونی نەک تەنها چینی کرێکار، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە لە مەینەتیەکانی وەک هەژاری و برسیەتی و نەداری و کوێرەوەری و ئاوارەیی و ستەمی سەر ژنان و منداڵان و لاوان و ستەمی قەومی و ئایینی و ڕەگەزی بە یەک ڕستە ئەوەی ڕوودەدات نەمانی ستەمی مرۆڤ لەسەر مرۆڤە. دونیایەکی باشتر بەرنامەی ڕەوتێکی ڕیفۆرمیستی نییە کە چارەسەری کێشەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی حکومەتی سەرمایەداری و پەرلەمانتاریدا ببینێتەوە وە قۆناغ بەندی کردبێ وەک سۆشیالیستە بۆرژواکان بە ناوی قۆناغی دیموکراتی و ڕزگاری نیشتمانی دەیکەن، هەرچەندە خواستە ڕیفۆرمیەکانی چینی کرێکارو زەحمەکێشان و توێژە کۆمەڵایەتیەکانی لە خۆی گرتبێ، بەڵکو ئەم خواستانە پێداویستی هەنووکەین دەبێ بەسەر بۆرژوازیدا بسەپێنرێن تا لەم ڕێگەیەوە چینی پرولیتاریا هەنگاو بنێ بەرەو دیکتاتۆری خۆی و نەمانی بۆرژوازی. دونیایەکی باشتر بەرنامەیەک نییە دوا ئامانجی دەوڵەتی عەلمانی یا سیکیۆلار بێت، بەڵکو خواستە سکیولارەکان کە پێداویستی ڕۆژانەن، لە خۆ دەگرێت. جیابوونەوەی دەوڵەت لەدین و پرۆسەی خوێندن کە ئێستا کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێ پێویستیەکی حەتمیە، هەروەک کۆمۆنارەکانی پاریس لەسەردەمی مارکس دا ئەنجامیان دا. ئەمە خواستێکە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە بۆ بەدیهێنانی تێ بکۆشن. بەرنامەی لانی کەمی دونیایەکی باشتر بۆ کۆمەڵگەیەکە کە چەندین ستەمی تێدایە بۆرژوازی چارەسەری نەکردوون بووەتە ئەرکی خەباتی پرۆلیتاریای ئەم کۆمەڵگەیانە وەک مەسەلەی قەومی و مەسەلەی ژن و جیایی دەوڵەت و دین لە کاتێکا بۆرژوازی لە هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا ئەمانەی چارەسەر کردووە . بەرنامەی لانی زۆر دەکرێ بۆ سەرجەم کۆمەڵگەی سەرمایەداری چاوی لێ بکرێ کەسەبارەت بە شۆڕشی سۆشیالیستیە وبەدیهێنانی دونیایەکی جیاوازتر لەوەی ئەمڕۆیە. دونیایەک کە هیچ جۆرە ستەمێکی تیا نەبێ .و پێچەوانە نەبێ و ئیرادەی ئینسان بۆ خۆی بگەڕێتەوە لەڕێگای بەدەستهێنانی دەسەلاتی پرۆلیتاریاوە بە بەکارهێنانی ئامرازی چینایەتی خۆی کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییە.

نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە



# خۆشباوەڕی بە هەڵبژاردن

## نوێنەرایەتی خەڵکی و ڕەچاوکردنی خواستەکانیان

## نووسینی: بنار مستەفا

**بەشی شەشەم**

ئەگەربراوەی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی خەڵکی بکردایە، ئاڵوگۆڕێک لە بەرژەوەندی خەڵکی دەبینرا و ئەزموون دەکرا، بەڵام لە واقعدا هەڵبژاردن ڕووکەشە و دوورە لە نوێنەرایەتی خەڵکی. لە هەندێک وڵات و ناوچەی وەک کوردستان، دەسەڵاتی بەناو هەڵبژێردراو و خواستەکانی خەڵکی هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە. دەنگدان و هەڵبژاردن تەنها چەواشەکارییە و دروستکردنی خۆشباوەڕییە، بەوەی خەڵکی دەتوانێت لە دەسەڵات و ناوەندی بڕیاردان نوێنەری خۆی دیاری بکات. بۆ سەرمایەداری ئەم خۆشباوەڕییە گرنگە، تا خەڵکی بیر لە ڕێگەی تری ئاڵوگۆڕ - وەک شۆڕش – نەکاتەوە و بە دەنگدان ڕازی بێت.

"بۆ ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکاریانە، وەکالەتی بەهێزی گەلمان وەرگرتووە". پیتێری ئۆرپۆ، سەرۆک وەزیرانی فینلاند لە بەهاری ٢٠٢٣ و لە کاتی ڕاگەیاندنی بەرنامەی حکومەتی نوێ، کە ڕاستڕەوترین حکومەتی مێژووی فینلاندە. بەرنامەی حکومەتەکەی کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕێی بەرچاوی بە زیانی چینی کرێکار و هاوڵاتیان لەخۆ گرتبوو، کە بە گشتی لە کەمکردنەوەی مافی کرێکاران و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لەگەڵ ئاسانکاری بۆ کەڵەکەی زیاتری سەرمایەی سەرمایەداران خۆی دەبینییەوە.

مەبەستی ئۆرپۆ لە وەرگرتنی وەکالەتی بەهێز، ئەو دەنگانە بوون، کە لە هەڵبژادنەکاندا ئەو حزبانەی حکومەتیان پێکهێنا بەدەستیان هێنا بوو. هەرچەندە جیاوازی لەگەڵ لایەنەکانی تری بەشداربوو زۆر کەم بوو، هەروەها تەواوی دەنگەکانی لایەنەکانی حکومەت بەراورد بە مافی دەنگدەران تەنها یەک لەسەر سێ بوو، بەڵام سەرۆک وەزیران هیچ گومانی نەبوو ئەم ئەنجامە، یان تەنانەت گەر زۆر لەوە کەمتریش بووایە، بە بەدەستهێنانی متمانە و وەکالەتی دانیشتوانان لە قەڵەم بدات. ئەو بابەتەش بەجێی خۆی، کە ئایا کاتیک خەڵکی دەنگ بە کەسێک یان لایەنێک دەدات، بەو مانایە دێت کەس و لایەنی هەڵبژێردراو دەستئاوەڵان بۆ هەر کار و بڕیارێک ئەنجامی بدەن؟

لە هەموو جیهاندا دەسەڵات بە براوەی هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی متمانەی خەڵک ناودەبرێن، یان خۆیان ئەو شانازییە بە خۆیان دەدەن، وەک لە کوردستان. پرسیار ئەوەیە، لایەنەکانی سەرکەوتووی هەڵبژاردن، ئەوانەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و دەسەڵات دەگرنە دەست، لە سەرتاسەری جیهاندا لەوسەری دیموکراتیترین وڵات تا ئەو شوێنانەی هەڵبژاردن تەنها شکلییە و پێش ئەنجامدانی براوەی بێ ڕکابەر بۆ هەمووان ڕۆشنە، بەڕاستی نوێنەرایەتی خەڵکی دەکەن؟ ڕەچاوی خواستەکانیان دەکەن، کاتێک دەگەنە پۆستەکانی دەسەڵات؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە دەکرێت لە چەند گۆشەنیگاوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. هەم لایەنی تیۆری لێکبدرێتەوە و هەم هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ئەزموونە جیاوازانە بکرێت. تەنها فاکتێک، کە ئەم نوێنەرایەتییە دەکاتە فەرمی، وەرگرتنی دەنگی دەنگدەرانە. پێداچوونەوەی بەشەکانی تر ناکۆکی قووڵ لەگەڵ نوێنەرایەتی خواستەکانی خەڵکی پێکدەهێنن.

گەر لە خواستە سەرەکییەکانی خەڵکییەوە تەماشا بکەین. خەڵکی چی دەوێت جگە لە ژیانێکی ئارام، خزمەتگوزاری بە کەڵک و وەڵامدەرەوە بە پێداویستییەکانی ژیانی، ئازادی و ئاشتی، خوێندن و دەستگەشتن بە کاری گونجاو لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی ساکار، کە پێناسەی ژیانێکی شایستەی سەردەمیانە دەکەن. گەر ڕاپرسییەک بکرێت، پێم وانییە زۆرینەی زۆری خەڵکی نەخوازن، کە بۆ نمونە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموو کەس بێ بەرانبەر نەبێت، ئازادی دەربڕین لە فراوانترین ئاستیدا نەبێت، ئاشتی و سەقامگیری بەرقەرار بێت و لە جەنگ دوور بن، ڕێگاوبان و خوێندن و خزمەتگوزارییەکانی تر لە باڵاترین ئاستیاندابن، دانیشتوانان لەگەڵ یەک یەکسانبن و هتد. لایەنەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنیش هەر ئەم ئامانجانە لە بانگەشەکانیاندا ڕادەگەیەنن. هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان بریتییە لەو خواستانەی خەڵکی دەخوازێت. ڕۆشنە هیچ کەس جەنگ، هەژاری و خزمەتگوزاری بێ کەڵکی ناخوازێت.

بەڵام بۆچی هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن ئەم خواستانە دەبنە کەرەستەی بانگەشەی هەڵبژاردنی داهاتوو؟ بۆچێ پاش هەڵبژاردنەکان ئەو بابەتانە بەردەست نابن یان زۆر بە کەموکەرتی بەشێکی کەمیان مەیسەر دەبن؟ مەگەر بڕیار نییە نوێنەرانی هەڵبژێردراو وەڵام بە خواستی خەڵکی بدەنەوە؟ بەڵام هەر جارێک پاش هەڵبژاردنەکان و سەربەخۆ لە دەسەڵاتدارانی نوێ، زۆرینەی زۆری سیاسەتی دەوڵەت بە هەمان ئاراستە درێژەی دەبێت، جەنگ و نائارامی درێژەیان دەبێت. بێکاری و هەژاری کەم نابنەوە. خزمەتگوزارییەکان فەراهەم نابن و بە پارە یان بە کەموکورتی بەردەست دەبن و هتد. واتە ژیانی خەڵکی هەر وەک ڕابردوو درێژەی دەبێت، ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیش لە پاش هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ئەوا کەمتر دەبێتە شایەنی باسکردن.

پرسیارێکی تری ئاسایی ئەوەیە، کە گەر بڕیارە هەڵبژێردراوان نوێنەرایەتی خەڵکی بکەن، بۆچی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و بڕیارەکانیان کەمترین پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی خەڵکییەوە هەیە؟ لە پەرلەمانی وڵاتان چەندین بابەتی جۆراوجۆر تاوتوێ دەکرێت، تا بابەتێک دێتە پێشەوە، کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا مانای هەبێت. لە ساڵانی ڕابردووش هێنانی ئەم بابەتانە بۆ پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەوانییەکان، زیاتر بە مەبەستی ئاڵوگۆڕ بووە بە زیانی خەڵکی، وەک بەتایبەتی کردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی بەرپرسیارێتی کەرتی گشتی.

هۆکاری ئەم ناکۆکییە بە سادەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە سیستەمی سەرمایەداریدا دەسەڵاتداران نوێنەرایەتی خواستەکانی خەڵکی ناکەن، با تەنانەت زۆرینەی دەنگەکانیشیان بەدەستهێنابێت. ڕەنگە کەسانێک بە نیەتێکی باش و بەڕاستی ئامانجیان بێت ئەو خواستانە بەدی بهێنن، بۆیە پەیوەست دەبن، بۆیە هەوڵی گەشتن بە پەرلەمان دەدەن، بەڵام سیستەمی ئەمڕۆی جیهان، ڕێگە نادات. هەڵبژاردنەکان بۆیە ئەنجام دەدرێن، تا ئەو وێنەیە بدەنە دەستەوە، کە دەسەڵات هەڵبژێردراوی خەڵکە و نوێنەرایەتی خواستەکانی خەڵکی دەکات. بەڵام بەکردەوە، خواستەکانی خەڵکی تەنها وەک خواست دەمێنێتەوە و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا لایەنە جیاوازەکانی بەشداربوو بانگەشەی بەدیهێنانی دەکەن، گەر بگەنە دەسەڵات. سەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە هەمان ئەو لایەنانەی ساڵەهایە لە دەسەڵات بوون، لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان بێ شەرمانە بانگەشە بۆ بەرنامەی دوای هەڵبژاردنیان دەکەن بە کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی بەرچاو و هەندێک جار خەیاڵییەوە، وەک بڵێی هیچ کات لە دەسەڵات نەبوون و چاوەڕێی تەنها دەرفەتێکن، تا نمونەی خۆیان لای دەسەڵات نیشانی خەڵکی بدەن. ئەمە لە کوردستانەوە بینراوە، تا ئەوروپا و ئەمریکا.

ئەگەربراوەی هەڵبژاردن نوێنەرایەتی خەڵکی بکردایە، ئاڵوگۆڕێک لە بەرژەوەندی خەڵکی دەبینرا و ئەزموون دەکرا، بەڵام لە واقعدا هەڵبژاردن ڕووکەشە و دوورە لە نوێنەرایەتی خەڵکی. لە هەندێک وڵات و ناوچەی وەک کوردستان، دەسەڵاتی بەناو هەڵبژێردراو و خواستەکانی خەڵکی هیچ خاڵێکی هاوبەشیان لە نێواندا نییە. دەنگدان و هەڵبژاردن تەنها چەواشەکارییە و دروستکردنی خۆشباوەڕییە، بەوەی خەڵکی دەتوانێت لە دەسەڵات و ناوەندی بڕیاردان نوێنەری خۆی دیاری بکات. بۆ سەرمایەداری ئەم خۆشباوەڕییە گرنگە، تا خەڵکی بیر لە ڕێگەی تری ئاڵوگۆڕ - وەک شۆڕش – نەکاتەوە و بە دەنگدان ڕازی بێت.

هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت، تا دەستی دەسەڵاتداران ئاوەڵابێت بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێویستە لە پێناو کەڵەکەی سەرمایە ئەنجامی بدات. بۆیە سەرۆک وەزیرانی نوێی فینلاند دوودڵی نەبوو لەوەی ئیدعای وەرگرتنی وەکالەت لە لایەن خەڵکییەوە بکات بۆ ئاڵوگۆڕ، ئەگەرچی لە سەرەتاوە دیارە، کە ئاڵوگۆڕەکان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەک ناگرێتەوە، بەڵکو تەواو پێچەوانەیە بە خواستەکانی خەڵکی.

**ئەم باسە درێژەی هەیە...**



# ئۆتۆمبێلی کارەبایی چین و زیادکردنی باج لە ئەمریکا و ئەوروپا لەسەری

نووسینی: عامر سابیر

لە ساڵی 2021 ەوە چین بۆتە یەکەم وڵاتاتی دنیا لە زۆری دروستکردن و ناردنە دەرەوەی ئۆتۆمبێلدا. بەتایبەت ئۆتۆمبێلی کارەبایی. چین توانییویەتی باشترین کواڵیتی سەیارەی کارەبایی بەنرخی کەمتر بخاتە بازارەکانی جیهانەوە.

لە ئەمریکادا پێشتر باجی سەر سەیارەی وڵاتانی تر 2.5٪ بوو. دۆناڵد ترامپ (سەرۆکی پێشووی ئەمریکا) ئەم باجەی بۆ ئۆتۆمبێلی چینی زیاد کرد بۆ 27.5٪ . ئێستاش جۆ بایدن (سەرۆکی ئێستای ئەمریکا) ئەم باجەی سەر سەیارەی چینی، چوار قات زیاد کرد و کردی بە 100٪.

هەروەها یەکێتی ئەوروپاش بڕیاری داوە کە لە 4 ی جوڵای 2024 ەوە باجی سەر ئۆتۆمبێلی کارەبایی چینی کە پێشتر 10٪ بوو، بە بڕی 38.1٪ زیاد بکات و بیکات بە 48.1٪.

واتە پێش زیادکردنی ئەم باجە، لە ئەمریکادا بۆ نموونە ئەگەر نرخی ئۆتۆمبێلێکی کارەبایی ئەمریکی (تێسلەر) بە 40000 (چل هەزار دۆلار بێت)، وە نرخی ئۆتۆمبێلێکی چینی کە کواڵیتی بەرزتریشە بە 30000 (سی هەزار دۆلار بوو بێت)، ئێستا لە پاش ئەم باجە، نرخی سەیارە ئەمریکییەکە هەر بە 40000 ماوەتەوە، بەڵام نرخی سەیارە چینییەکە بووە بە 60000 (شەست هەزار دۆلار). واتە هەر کەسێک لە ئەمریکا سەیارەی چینی بکڕێ، 30000 (سی هەزار) ئەدات بە سەیارەکە وە 30000 (سی هەزار) وەک باج ئەبێت بدات بە حکومەتی ئەمریکا. بۆیە ئەگەر لە داهاتودا تێسلەر نرخی سەیارەکانی بکات بە 50000 (پەنجا هەزار دۆلاریش) ئەوا هێشتا هەرزانترە لە سەیارەی چینی بە هۆی ئەو باجەی لەسەری دانراوە.

هەروەها لە ئەوروپاش بۆ نمونە ئەگەر نرخی سەیارەیەکی کارەبایی چینی بە 26000 (بیست و شەش هەزار یۆرۆ بوو بێت) ئەوا لەپاش زیادکردنی ئەم باجە کە بە ڕێژەی (38.1٪) زیادکراوە و بووە بە (48.1٪)، ئەوا بە بڕی نزیک بە 10000 دە هەزار یۆرۆ) زیاد ئەبێت و ئەبێت بە 36000 ( سی و شەش هەزار یۆرۆ) بۆ هەر سەیارەیەکی چینی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ناوخۆی چیندا سەیارەی کارەبایی چینی کە کواڵیتی لە تێسلەر بەرزترە، خەڵکی چین ئەتوانێ بە 12000 دوازدە هەزار دۆلار بیکڕیت. ئەمە لە کاتێکدا کە سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای ئەمساڵدا ئیلۆن ماسک (سەرۆکی کۆمپانیای تێسلەر) بە بڕی 2000 دوو هەزار دۆلار نرخی سەیارەکانی داشکاند لە ناوخۆی چیندا، بەڵام هێشتا بە 32000 (سی و دوو هەزار دۆلارە).

وەڵامی چینی بۆرژوازی ئەمریکی و چینی بۆرژوازی چینی بە دوو ئاڕاستەی جیاوازن. چین باجی سەر سەیارەی ئەمریکی زیاد نەکردووە لە ناوخۆی چیندا، بەڵکو سەیارەکانی خۆی داشکاندووە تا کڕیاری زۆر بێت.

ئەم دانانی باجە لەسەر ئۆتۆمبیلی چینی لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپاوە، دژی بەندەکانی ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتییە (دەبلیو تی ئۆ) کە خۆیان ئیمزایان کردووە و نیهادێکی نێونەتەوەیی سیستەمەکەیانە.

ئەوەی لەم نێوەدا زەرەرمەندی سەرەکییە، خەڵکی ئاسایی ئەمریکا و ئەوروپایە. وە ئەوەی قازانج ئەکات ئەو کۆمپانیایانەیە کە سەیارەی کارەبایی لە ئەمریکا و ئەوروپا دروست ئەکەن و بەمە سەرمایەی زیاتر کەڵەکە ئەکەن.

سەرمایەداری و لیبرالیزمەکەی، کە هەردەم ستایشی سیستەمەکەیان کردووە بەوەی کە پێشبڕکێی ئازادانە فەراهەم ئەکات و بازاڕی ئازاد نرخەکان دیاری ئەکات، ئەوا ئێستا دەردەکەوێ کە ئەو قسانە تەنها ئەوکاتانە ئەیکەن کە بەکەڵکیان دێت و لە بەرژەوەندی چینی خۆیاندایە. سەرمایەداران و نیۆلیبرالیستەکان ئەو کاتانەی لە بەرژەوەندیانە، ئەڵێن حکومەت ئەبێت تا ئەتواندرێ بچوک بکرێتەوە و دەستوەردانی لە بازاڕدا کەم بکرێتەوە، لەمەدا سەرمایەداران مەبەستیانە بڵێن کە هەموو کەرتی گشتی ئەبێت تایبەتی بکرێتەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکان بکرێتە کەرتی تایبەت و خۆیان کۆمەڵگە و چینی کرێکار بدۆشن و سەرمایەی زیاتر لە سەر نەخۆشی و پێداویستییە سەرەتاییەکانی دانیشتوان کەڵەکە بکەن. ئەمە لەکاتێکدا هەرکاتێک لە بەرژەوەندی خۆیاندا بوو، ئەیانەوێت حکومەت بەتەواوی توانایەوە بێتە پشتیان و تەدەخول لە بازاڕدا بکات و لەبەرژەوەندی ئەوان بەرنامە و سیاسەتەکانی داڕێژێت و بیباتە پێشەوە. هەروەک تا ئێستا لە هەموو قەیرانەکانی سیستەمەکەیاندا، حکومەت بەتەواوی توانایەوە لەسەر حیسابی بەشی دانیشتوان کۆمەکی سەرمایەدارانی کردووە و قەرەبووی زیانەکانیانی کردۆتەوە.

لە کۆمەڵگای چینایەتی ئەمڕۆدا، دەوڵەت و حکومەتەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندی چینی باڵادەست ئەکەن، کە سەرمایەدارانن.

سەرمایەداران و خاوەنکار و چینی بۆرژوازی، بۆ چەواشەکاری و سەرلێشێواندن لە خەڵک، سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی شکڵیان داناوە و ئەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە بە دانیشتوان بڵێن کە حکومەت نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوان ئەکات، نەک تەنها ئێمە.

بیانووی ئەمریکا بۆ دانانی ئەم باجە زۆرە لەسەر سەیارەی چینی، ئەوەیە کە گوایە حکومەتی چین یارمەتی کۆمپانیاکانی خۆی ئەدا و بە هەرزان سەیارەی کارەبایی ئەخاتە بازارەوە. ئەمە بیانوویەکی پوچ و نا ئیقناع کەرە. ئایا بەردەوام هەموو حکومەتەکان لە ئەمریکاوە تا ئەوروپا پاڵپشتی سەرمایەداران نەبوونە؟ ئایا ئەوەی چین ئەیکا، بەردەوام ئەمریکا و ئەوروپا نەیکردووە؟ لە ساڵانی حەفتاکاندا کە لە ئەمریکادا باو باوی سەیارەی (پیکاب) بوو (کە لای خۆمان پێی ئەڵێن دەبڵ کابینە) ئەمریکا 25٪ باجی نەخستە سەر سەیارەی پیکابی ئەورووپی تا هەموو کەس سەیارەی کۆمپانیاکانی خۆی بکڕێ.

ئەم شەڕی بازرگانییەی ئەمریکا دەستی داوەتێ و ئەیەوێ وڵاتانی ئەورووپاش بەدوای خۆیدا کیش بکات، خاڵی بەهێزی ئەمریکا و ئابوورییەکەی نییە. ئەمە هێمایەکی تری ڕۆچوونی ئیقتیسادی ئەمریکایە بۆ پلە دوویی.

*************

# وتنی خاڵێکی پۆزەتیڤ لەسەر هاوکارەکەت لە کۆبوونەوەی مانگانەی سەرکاردا

نەریتکی دروست و جێکەوتە لە کۆبوونەوەی مانگانەی ئەو شوێنەی کاری لێ ئەکەم وەک پەرستارێک، کە نەخۆشخانەیەکی گشتی شاری (سیدنی)یە، ئەوەیە کە هەموو ئەوکەسانەی تیایدا بەشدار ئەبن لە پەرستار و دکتۆر، ئەبێت لە کۆتایی هەر کۆبوونەوەیەکدا، هەر کرێکارێک خاڵێکی پۆزەتیڤ (وەسفێکی ئەرێنی) هاوکارەکەی تەنیشتی بکات. جار هەیە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێرە و تۆ خاڵی پۆزەتیڤ لەسەر کرێکارەکەی دەستی چەپت ئەڵێی، وە جاری وا هەیە بە پێچەوانەی ئاڕاسیەی ملی کاتژمێرە و تۆ خاڵی ئەرێنی لەسەر کرێکارەکەی دەستی ڕاستت ئەڵێی.

لەم نەریتەدا کە لە کۆتایی هەر کۆبوونەوەیەکی مانگانەدا ئەکرێت، جێگەی ڕەخنە و خاڵی نێگەتیڤ نییە کە بیلێی، بەڵکو لە چەند چرکەیەکدا ئەبێت باسی خاڵی پۆزەتیڤ (ئەرێنی) کرێکارەکەی تەنیشتت بکەی. کە ئایا لەو مانگەدا چی کارێکی باشی کردووە و جێگەی سەرنجی تۆ بووە.

ئەم کۆبوونەوانەی شوێنی کار کە مانگانە ئەنجام ئەدرێ، جیایە لە کۆبوونەوەی سەندیکا، کە مانگانە، یان بە چەند مانگ جارێک لە شوێنێکی تر و لە هۆڵێکی گەورەتری نەخۆشخانەکەدا، بە ئامادەبوونی ڕێژەیەکی زۆرتری ئەندامان ئەنجام ئەدرێ.

لەلای من ئەم نەریتە، واتە وتنی خاڵی پۆزەتیڤ لەسەر هاوکار و کرێکارەکەی تەنیشتت، لەسەر هاوڕێکەت، لە کۆتایی هەر کۆبوونەوەیەکی مانگانەدا، زۆر خاڵێکی پۆزەتیڤ و ئەرێنییە.

بەهیوای کرێکارانی کوردستانیش لە کۆبوونەوەکانیاندا پەیڕەوی لێ بکەن. بە هیوای لە کۆبوونەوەی هەموو ڕێکخراو و حیزبە کرێکاری و کۆمۆنیستەکاندا پەیڕەوی لێ بکرێ.

ئەی تۆی خوێنەر کە ئەگەر لە دەرەوەی کوردستانی یان لە ناوخۆی کوردستان، ئایا لە کۆبوونەوەکانی سەرکارتاندا ئەم نەریتە هەیە؟ ئەگەر نییە، پەیڕەویکردن لێی چۆن ئەبینی؟ ئەی تۆی هاوڕێی ئەندامی ڕێکخراو و حیزبە کرێکاری و کۆمۆنیستییەکان، پەیڕەوکردنی ئەم نەریتە لە کۆبوونەوەکانتاندا چۆن ئەبینن؟

عامر سابیر

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە




گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف

# با کاڵا بکەین بە بەری باڵادا



نووسینی: ڕێبوار حەمە شەریف...

گرینگە ئێمە "کە وەک مرۆڤێکی بە ئاگاو خود ئاگایی... لەبوون و بەئاگایمان لەخۆمان و ئەو کردارە دژوارو کردە پەچەی هەر ڕووداوێک لەناو بۆتەی ئەم ژیان بینین و ژیان بوونەدا تێبگەین و مانای بەریەککەوتەبوونمان "لەگەڵ هەر تەنێکی ناو ئەم ئامێزەی لەباوەش ژیانەدا، تێبگەین.

کە ئێمە".. بەهۆی هەستەکانمانەوە کە هەن وە دەکرێ ڕەدێکی ئەقڵانیمان بۆی هەبێت و بتوانین بەهۆی ژیریمانەوە شیکارو شیکردنەوەی بۆبکەین، دەنا گەر وەها نەکەین و ئەوا ... وەک گیاندارێک مامەڵەمان دەبێت لە ڕووی ژیان بینینەوە، ئەو تیئوریەی (داروین)مان بەسەردا ناچەسپێت کە دەڵێت:

(مرۆڤ کائینێکی گیاندارو ژیرە)، کەواتە: لەڕووی فەسلەجییەتەوە و سایکۆکانەوە ئێمە" گیانداریـن دەخۆین و دەخەوین، ئەوەی کە جیامان دەکاتەوە ژیری مانە.

هەر بۆیە...بابڵێن: کاڵا با بکەین بە بەری باڵادا.

دەکرێت نووسەر یان هەر مرۆڤێک وەک ئەرک و تێڕوانین لە ژیاندا خۆی بێت و خۆی بڵێ تا خودی خۆی بدوێت کە چیدەوێت و چۆن بە ئاگاهییەوە لە ژیان تێدەگات، چونکە، هەموومان بەشی ئەوە دەزانین کە بڵێن و قسەی ناو دەرونی پەنگ خواردومان بدرکێنین، بەڵام مەرجە کەچی بنووسین و چی بدرکێنین تا ئاستی هۆشیاریمان لە بەرزیدا بێت نەک نزمی، ئەوەش پێوەرە تا چەندە ژیری تۆ باڵا دەستە .

بەگشتی.. دەکرێ وەک ئەرک و وەک تاکێک لەم بونماندا هەست و ژیری و تێڕامانمان هەبێت و لەگەڵ ئەوەش بە لەڕێگەی وانە وەرگرتن و خوێندنەوەی پێشینەییەک پێش لە خۆم بەشی ئەوەم هەڵگرتبێت کە ئەی من چی بڵێم؟!

خۆ دەکرێت لێرەدا بتوانم و بنووسم ناوی زاناو نووسەری گەورەی جیهانی و تیئوری و فەلسەفەی ناوداران زۆر بە نمونە بهێنمەوە، بەڵام نامەوێت، ئەوە گرینگە کە گەر باسم لە دنیای دەروون ناس و فیزک و کیمیاناس و دین ناس و گەردوون ناسان بکەم ، ئیدی چیتر هەیە کە خۆم وتبێتم !!

گەر باس لە ئەرستۆ و ئەفلاتوون و ئەسخیلۆس و یوربتس و ستانسلافسکی و برێخت و کانت و دیکارت و فرۆئیدو پافلۆف و تا کامۆ و تا دوا تر... ئبسن لەو دیدگاییەی ئەوانەوە بڵێم ـ دوبارە دەڵێم ئەی...خۆم' چیم هەیە، بۆ ژیان و تێڕامانەکان" لەو کۆمەڵگەو گەردوون و بەر یەککەوتنەمدا کە لە ئێستامدا کە تێیدا هەم.

هەر بۆیە من لێرەدا باس لە چەند پێوەرێک وەک، ناسینەوەی کەسییەتی و ئەو کردارە بوون بە (کەس)یەتی و ناکەسیەتیە، بەچەند نووسینێک لە ڕووی ئەو خوێندنەی کە خۆم هەوڵم داوە وەک کەسێک کە دیدی هونەرو شانۆو فۆرمێک لە نمایشتی زۆر تاک لە کۆمەڵگەدا بهێنمەوە و پێناسەو شیکاری کەسییەتی وەردەربخەم، بۆنمونە:

١/ کەسیەتی کێیەو چۆن پێناسە دەکرێت (کەسییەتی لاواز و بەهێز) لەبڕیاردانیدا؟.

٢/ ناسینی کەسییەتی تاک چۆن دەناسرێتەوە؟.

٣/ کەسی هوشیارو ناهوشیار چۆن بناسم .

٤/ چۆن مامەڵە بکەم لەگەڵ کەسانێگداو ئەو ناسینەوانە چین، کە کەسایەتی پێ دەناسرێنەوە؟

٥/ من کێم' و ئەوان" کێن" و ئێمە " کێین؟ ئەی... خۆم و بەرکەوتەم چۆن دەبێت ببێت لەگەڵ بەرامبەردا؟

٦/ ئەی ئەو کەسایەتیە دەبێت چۆن هەڵبسەنگێنم! تا تێبگەین و دیالۆگێکی سرووشتی و ڕەوشت بەرزی و ڕێزداری نێوانمان" تا ئاستی تێگەیشتنێک بگا و لە ژیاندا فریادڕەس بین و کەموکوڕیەکانی یەکتر پڕبکەینەوە.

٧/ کۆتا خاڵ ..

ئامانج لە ناسینی کەسییەتی چییە؟

وەکەی کۆتا بە ئامانج و ویست دەگات و بێ ئەوەی کە زەرەرمەندنەبین لەو ئامانجەدا ؟.

هەر بۆیە لێرەدا ..

ناسینەوەی کەسییەتی (البعاد الشخسییە)، دەکرێت وا بە پێوەرکردن و نمونەیی لە ناسیندابن،

وەکوو...

١/ ڕووخسار.

٢/ کردار.

٣/ ڕەفتار .

٤/ گوفتار.

جوڵە میکانزمیەکان:

دەنگ.

ڕەنگ.

کارکەرو کارلێکراوی ئامرازەکان

وە لەگەڵ ئەوەشدا ..

کارێگەری ..

نەخۆشییەکانی دەروون و ناوەوەی شاراوەیی... گۆشەتاریکەکانی مرۆڤ و کەسییەتی.

ئێمە" و نمایشکردنمان، لەناو نواندنەکاندا:

بونمان لەسەر تەختەی شانۆی ژیاندا کە دەکرێت چ جۆرە نواندنێکمان بوونی هەیە یان دەبێت ببێت، چۆنن وە چۆن بناسرێتەوە لە بونی هەڵسوکوتکردن و ڕەنگدانەوەی لە کەسایەتیەکاندا؟ کە وەک ئەکتەرێک، بەرکەوتەیمان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە و بەرکەوتەیمان لە لەگەڵ یەکتریدا وە دەکرێت چی لەیەکترەوە فێردەبین .

سەرەتا:

بەم ڕوونکردنەوانە دەست پێدەکەم تا ئەوجێ کە هەر دەبێت بڵێم: هێشتا/: جورئەتی ئەوەنەکەم و نەتوانم' بڵێم: کە کۆتایی بە زیاتر وردتر و ڕوونتر هەق بەو بابەتە بدەم کە مەبەستی کۆی قوڵایی ناوەڕۆکە دەرونە چڕو تاریکەکانی هەر تاکێکبێت کە مرۆڤە وەک ناسینی و کەسییەتی هەر تاکێکمان کە بونمان هەیە!

کەس ناسی' ..

یان ناسینەوەی کەسایەتیەکان" :

وەک لە بەشی پێشتردا وتم: نامەوێت وەکو تیئوری فەلەسەفەو زانستیتان بەسەردا هەڵڕێژم و باو باڵۆرەی ئەم و ئەو بهێنمەوە وەک نمونەیی، لەبەرئەوەی کە ئێمە"مرۆڤین و هەموومان خاوەنی دەها کردەو ڕووداوی بێسەروبەرەی و هەموو وەک بینەرێکی سەر تەختە شانۆین کە ناوی ژیان و ژین زیدەیی تێدا ئەگوزەرێنین" وەکو مرۆڤ، کە دەکرێ ... بەخێرایی ئەم دوو وشە لێکبدرێتەوە: "مرۆڤی بەئاگاو مرۆڤی بێئاگ".

وەک وتم: لە تیئوریەکانی داروین لزمیدا وەتا ئەمرۆش، ئێمە " گیاندارێکن و تەنها هۆش/ ئەقڵ جیامان دەکاتەوە لە بوونەوەرەکانی تر، ئەویش کە توانایی چەند کردارو پێوەرێک و خاڵی جیاکەرەوەن هەیە، لەنێوان گیاندارو لەگەڵ بوونێک کە گیاندارێکی تر دەکات کە بڵێین بویەک کە دەبێت ناو نراوە مرۆڤ.

١/ دواندن واتە:

زمانێک بۆ وتن و ڕاڤەکردنێک بۆ دەربڕین و دەربڕینێک بۆ گوزارشتکردن و گوزارشتێک بۆ وێناکردن و وێناکردنێک بۆ فۆڕم و بە ئەنجام گەیاندنی تا دەخرێتە ناو چوارچێوەی پێناسەیی یەوە.

٢/ هەستکردن :

لەڕێگەی وتنەوە بەگەرمی و ساردی .

٣/ درک/ الحساس :

کە بەشێکی گرنگە لە مرۆڤداو دوای زۆر بەوردی ئەم باسە شیتاڵ شیتاڵ دەکەمەوە لە ڕووی هەموو ئەوانەی کەلێدوانی لەسەر دەکەم .

٤/ وتن:

دەربڕین و کاریگەریەکانی لەسەر کەساییەتی تاک .

٥/ ڕەفتار/ سلوک:

کردە نامۆییەکان "و چاکە ڕەفتارییەکان"، کە ئەوەش پەیوەستە بە ئاگاییەکانەوە لە ئاگایی ناوەکی شاراوەیی و دەرەکی لەکاتی دەربڕیندا.

٦/ کردار:

کرداری خۆکردەیی یان کرداری داهینەرانە، خۆویستەیی لە نواندندا، ئبداع/ التسنع .

٧/ زمان تیژی :

زمان بڕبەنی:

هۆنینەوەی باتو باڵۆرە و خۆبردنە پێشەوە بۆ کردە کارەکان" تا وا بزانین چاکەکارە.

٨– چینە درۆ/ درۆزنی :

کە دەتوانرێت ببێتە هۆی یەکەم پاڵنەر بۆ هەر ڕووداوێک و کەلێن خستنە ناو هەر پەیوەندیەک و هەڵوەشاندنەوە هەر ئامانجێک .

٩/ هەڵویستەیی (الموقف)، و بە نیازی و بێ نیازی! وە چۆن لەئەمەش تێبگەین :؟

١٠/ کەسی دوو جەمسەرە "الشخسیە اثنتان" کە ئەمە لە دەروون نەخۆشەکاندا بەربڵاوە کارێکی زۆر ترسناکە کە هەبێت لە مرۆڤدا.

هەتا ئێرەو دواتر بەوردی باس لە ڕەفتاری و کردای و گوفتاری دەکەم بە خاڵی زۆر وردتر کە باس لە ناسینەوەکانی کەسایەتی تاک دەکات و ڕۆڵی لەسەر شانۆو وەک، نواندن و نمایشتکردن و ئەو ڕۆڵەی کە ویستی ناوەوەی خۆیەتی یاخود دەرەوەی ئەرکەکانن"، کە وەکو کارێکی پێسپێردەین، دەبێت بیکات لەناو و دەورەکانیدا کە ڕۆڵیتێدا دەگێڕێت .

کەسییەتی... وەک (مرۆڤ)ێک، دابەش دەبێت و پۆلێن دەکرێت لەناو بوونی هۆشێکدا.

لە:

١/ ژێریدا.

٢/ ژێربێژیدا.

٣/ نائاگایی.

٤/ فەنتازیایی :کە ئەقڵی چوارەمە( ٤)م لە مرۆڤدا بونی هەیە .

جا لێرەوە بپرسین؟

ئەمانە " کاروکردەیان چی دەبێت لەسەر کەسییەتی و ناسینی کەسیدا لەناو بوونی نواندندا و لەسەر تەختەی شانۆ و هەتا لە دیدگای نووسەرێک و نووسیندا (کانت) ئاسا شرۆڤە بکرێت.

کەسییەتی هەر تاکێک (الشخسییە)،

نواندن یا نمایشکردنی لەناو ژیاندا !

لە پێشتردا، تیشکم خستە سەر هەندێ خاڵ و گرنگی دانێک بە ناسینەوەی کەسییەتی هەر تاکێک لە ناو کۆمەڵگەدا و ئەو ڕۆڵگێڕانەی کە وەک ئەکتەرێک گەر بییەوێت لەناو ژین، نامەی ژیانیدا بە دروستی ڕۆڵێکی گەر بییەوێ ببینێت ، ئەوا /:دەبێت کە پابەندی سێ خاڵی زۆر گرنگ و بنەڕەتییەکە بێت (گوفتار و ڕەفتارو کردار)، گەر هەریەکێک لەو خاڵانە بە زۆری لە بەئەرک جێبەجێ نەکردنیدا نەکرێت ئەوا/ پێناسەی کەسییەتی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، ڕەنگە بپرسین بۆ؟

لەوەڵامیدا دوو وەڵامی زۆر گرینگ دێتە پێشەوە کە:

١/ گومان.

٢/ درۆ .

کەواتە/ ڕۆڵ و نمایشتەکەی تاک وەک کەسییەتی بوونێک و سەنگینیە...




گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# دوو هۆنراوە بۆ بەکر عەلی

## نووسینی: خاڵە حەمە

/١

ئێمەش هەموان دەبین بەتۆ

هێشتا مابوت چەند درەختی

لەزەرگەتەو

لەماڵی هاوسیەکانتا بنێژی

چەند مۆمێکیتر

لە ژورسەری هەژارەکانی هاورێتا

داگیرسێنی

چەند وانەیەک بە قوتابیان بڵێیتەوە

لەسێبەریا

چرا یاتوکەکان داگیرسێنن

گوڵ برووێنن..

هێشتا زووبوو

سەرەتای ئەو رێگە سەختەیە

بو بە مێژوو ..

تۆ پەیمانت دابوو لەگەڵ جوتیاراندا

بەرهەمی ماندوبونیان کۆکەیتەوە

گەنم و جۆی بەرهەتاوی ئەمساڵەیان

لەشارەزوری بێ هەناوا دروێنەکەی

لەکوردستان

پاچەکۆڵەی گیاکەڵەکەی !

ئای کە ئێمەی بێکەس چەند بێکەسین

کێ دەبێتە نوور بۆ چاومان

لەناوختا جێماندێڵێ

کێ دەبێتە هێزی ئەژنۆو بیری گەشمان

لەزیندانا

کۆت و زنجیر لەپێی و دەستی دەئاڵێنێ ..

قەدەر وابۆ جێمانبێڵێت

ئێمەش هەموان دەبین بەتۆ

نەک وەکوو مۆم

وەکوو گڕکان، وەکو ئاگر، وەک پشکۆ..

خاڵەحەمە/ دانمارک

---

/٢

بەکر عەلی

وەکو (وەلی دێوانە) بوو

لەخانەقای عێشقی خۆیا

هەژارێکی گڕلەمشتی

بێ لانەبو

ئەو دەنگی بو

پڕ بە گەرووی هەژارەکان

لەڕوی ستەما ئەی نەران


ئەو هێزی بو جەلادەکان

لێیدەترسان

بەکر عەلی بو بە مێژوو

بۆیە کوشتیان...

******



# چەند شیعرێکی/خالید بایەزیدی(دلێر)

پێشکەش بە پەنابەرانێک

کە هەرگیز لە دەریاکاندا نەگەڕانەوە و بون بە خۆراکی ماسی..

-١

چاوەکانمان

گریانی ئەو ڕۆژانەن

کە ئیتر هیچ کات ناگرێنەوە

خوزگایە کاتژمێرم بگەڕانایەوە

سفر و...

ژیانم لە مەرگ جیاکردبایەوە

-٢

خۆشەویستەکەم

چراکان

بکوژێنەوەو برۆ...

ئەو ماڵە تاریکەی من

بە هیچ چرایەک

روناک نابێتەوە

-٣

هیچ گریانێکم

لە بیر نەماوە

جگە لەو گریانەی کە

من و تۆی

لە خورئاوای ئێوارەیەک

لێک جیاکردەوە

-٤

دەمەویست

بیرلە ژیان بکەمەوە

بەڵام!

کۆچی هەموو ڕۆژەم

هیچ نەیدەهێشت

-٥

ماسییەکانی دەریا

پرسەیان گرت

کاتێک کە دیتیان

ماسییە بچکولەیەک

خوی بەداوی ڕاوچییەک

هەڵواسی و

کۆتا نیگاکانی لە

چاوەشینەکانی دەریادا

بزر کرد

-٦

دەست بڵاوە

ڕۆژەکانی هەفتە

جگە لە حەسرت و ئاە

وە تەمەنی بە »با«چوو

شتێک لەو دەخیلە

شکاوەدا نەماوە

-٧

ماسییەکان

بە دوای ماسییە بچکولەکەیان

شەپول بە شەپۆل دەگەڕێن

کە لە ئێوارەیەکی خەماویدا

لە چاوە شینەکانی دەریادا

وەک ماسییە بچکولەکەی

»سەمەدی بیهرەنگ«

نغرۆ بوو بوون

-٨

یادی پەنابەران

هەتا هەتایە

لە دڵی دەریا دایە

هەر وەکوو:

یادی شەم

لە شەوانی ماتەم و خەم

لەدڵی پەپوولە دایە

-٩

دەریا ئەگریا

شەپۆلەکان

کراسی خویان

دادەدڕی

ئەو کاتەی کە پەنابەران

لە چاوە شینەکانی دا

ئەخنکان

-١٠

ئیتر بۆ هەمیشە

قینم لە دەریا دەبێتەوە

کە چاوە جوانەکانی توی

خستە ناو قولایی خۆیەوە

-١١

کاتێک کە پەنابەران

لە چاوە شینەکانی دەریادا

نغرو ببوون

دەریاش...

شەپۆلەکانی خۆی ناو لێنا

پەری دەریاکان

-١٢

دیسان بەهار هات

بەڵام من

لە خەونی خەیاڵی گوڵەکاندا

خەوم لێ کەوت

-١٣

دوێنی

ئاوێنەم هیچ نەناسییەوە

لە دوریت...

تەواوی قژەکانی

سپی کردبوو

-١٤

کراسی ژیان

تەنیا و تەنیا

بۆ بەری من

بچووک بوو

-١٥

کاتێک کە تۆ ڕویشتی

وەک باڵندەیەکی

لەناو قەفەس

بە پەلە بووم

بۆ هەڵفرین


-١٦

خوزگە!

دەیان توانی

خەمەکانیشم

وێنا کردبان



# نامەیەکی لینین بۆ کرێکاران و جوتیارانی ئۆکرانیا لە ٢٨ دیسامبەر ١٩١٩

## وەرگێرانی: توانا حەمە نوری


هەڤالان، ٤ مانگ لەمەوپێش، لە کۆتایی مانگی ئابی ١٩١٩دا، دەرفەتێکم بۆ ڕەخسا لە چوارچێوەی سەرکەوتن بەسەر کۆلچاکدا نامەیەک بۆ کرێکاران و جوتیاران بنووسم. من تەواوی ئەم نامەیە لە پێوەندی لەگەڵ سەرکەوتن بەسەر دێنیکن بۆ کرێکاران و جوتیارانی ئۆکرانیا بڵاو دەکەمەوە.

لە ڕووسیای گەورەدا سیستەمی پاشایەتی بە تەواوی هەڵوەشاوەتەوە. دەبێت لە ئۆکرانیا هەمان کار بکرێت و دەسەڵاتی شورای کرێکاران و جووتیاران ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکجاری دەسەڵاتی پاشایەتی خێڵ و ئازادی تەواوەتی جووتیاران و کرێکارانی ئۆکرانیا لە هەموو جۆرە ستەمێکی خاوەن زەوی. بەڵام جگە لەم ئەرکە و چەند ئەرکێکی دیکە کە هێشتا لەبەردەم جەماوەری کرێکاری ڕووسیای گەورە و ئۆکرانیادایە، دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ئۆکرانیا ئەرکی تایبەتی خۆی هەیە. لە ئێستادا یەکێک لەو ئەرکە تایبەتانە پێویستی بە زۆرترین گرنگیدان هەیە. ئەویش پرسی نەتەوەییە، یان بە واتایەکی تر، ئایا ئۆکرانیا دەبوێت کۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەتی ئۆکرانیای جیاواز و سەربەخۆ دروست بکات یاخود لە یەکێتی (فیدراسیۆن) لەگەڵ کۆماری سۆشیالیستی فیدراتیڤی ڕووسیادا بێت و یەکبخرێت بۆ ئەوەی یەک سۆڤیەت دروست بکات؛ بۆ ئەوە پێویستە هەموو بەلشەفییەکان و هەموو کرێکاران و جوتیاران کە هۆشیاری سیاسییان هەیە، بە وردی بیر لەم بابەتە بکەنەوە.

سەربەخۆیی ئۆکرانیا لەلایەن هەردوو کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناوەندیی کۆماری سۆشیالیستی فیدراڵی سۆڤیەتی ڕووسیا و پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیا (بۆلشەڤیک)ەوە دانپێدانراوە. بۆیە ئاشکرایە و بەگشتی دان بەوەدا دەنرێت کە لە کۆنگرەی سۆڤیەتەکانی سەرتاسەری ئۆکرانیادا تەنیا کرێکاران و جووتیارانی ئۆکرانیا خۆیان دەتوانن بڕیار بدەن کە ئایا لەگەڵ ڕووسیا یەکبگرن، یان کۆمارێکی جیا و سەربەخۆ بن و لەو حاڵەتەشدا لە نێوان ئەو کۆمارە و ڕووسیا، چ پەیوەندییەکی فیدراڵی دەبێت دابمەزرێت.

ئێمە داوای یەکگرتوویی خۆبەخشانەی گەلان دەکەین – یەکگرتووییەک کە نەتوانێت نەتەوەیەک فشار بخاتە سەر نەتەوەیەکی دیکە – یەکێتییەک کە لەسەر بنەمای متمانەی تەواو، لەسەر بنەمای دانپێدانانی یەکێتی برایانە و ڕەزامەندی ڕەهای خۆبەخشانە. یەکێتییەکی لەو شێوەیە ناتوانرێت بە یەک هەنگاو جێبەجێ بکرێت؛ پێویستە ئێمە بە ئارامی و بیرکردنەوە بەرەو ئەوە کار بکەین، بۆ ئەوەی بابەتەکان تێک نەشکێنین و بێ متمانەیی دروست نەکەین، بۆ ئەوەی ئەو بێ متمانەییەی کە لە ئەنجامی چەند سەدەیەک لە ستەمی خاوەن زەوی و چەوساندنەوەی سەرمایەدارییەوە بە میرات وەرگیراوە، چەندین سەدەی خاوەندارێتی تایبەت و ئەو دوژمنایەتییەی کە بەهۆی دابەشبوون و دووبارەبوونەوەکانییەوە دروست بووە، دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە نەمێنێت.

بۆیە دەبێ بە کۆڵنەدان لە پێناو یەکگرتوویی گەلاندا هەوڵ بدەین و هەرچی هۆکاری



جیابوونەوەیان بێت بێبەزەییانە سەرکوت بکەین و لەم کارەشدا دەبێ زۆر سەبر و وریا بین و ئیمتیاز بە پاشماوەی بێمتمانەیی نەتەوەیی بدەین. پێویستە لە بەرامبەر هەر شتێکدا کە کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی کرێکاران هەبێت لە خەباتیاندا بۆ ڕزگاربوونیان لە کۆتی سەرمایە، چەسپاو و سازش نەکراو بین. ئێستا پێناسەکردنی سنوورەکان – چونکە ئێمە هەوڵی سڕینەوەی هەموو سنوورەکان دەدەین – بۆ ئێستا پرسێکی لاوەکییە، ناجەوهەرییە یان ناگرنگە. لە حاڵەتێکی وادا دەتوانین چاوەڕێ بکەین، و دەبێ چاوەڕێ بین، کە بێمتمانەیی نەتەوەیی لە نێوان جەماوەرە بەرفراوانەکەی جووتیارانی بچووکدا زۆرجار زۆر خۆڕاگر دەبێت و پەلەکردن تەنیا دەتوانێت توندتری بکاتەوە. بە واتایەکی تر ئامانجی یەکگرتوویی تەواو و کۆتایی دەخاتە مەترسییەوە.

ئەزمونی شۆڕشی کرێکاری و جوتیاران لە ڕوسیا و شۆڕشی ئۆکتۆبەر- نۆڤەمبەری ١٩١٧ و دوو ساڵ خەباتی سەرکەوتووانە لەدژی دەستدرێژی نێودەوڵەتی و سەرمایەدارەکانی ڕووسیا، بە ڕوونی دەریانخستووە کە سەرمایەدارەکان بۆ ماوەیەک یارییان بەو هەستە کردووە بێمتمانەیی نەتەوەیی – بێمتمانەیی جووتیاران و خاوەن کارە بچووکەکانی پۆڵەندی و لاتڤیا و ئیستۆنیا و فینلاندیەکان – بەرامبەر بە ڕووسەکانی گەورە سەرکەوتوو بوون و لەسەر بنەمای ئەم بێمتمانەییە توانیویانە تۆوی ناتەبایی لە نێوان ئەوان و ئێمەدا بچێنن. ئەزموونەکان دەریانخستووە کە ئەم بێمتمانەییە هێواش هێواش کاڵ دەبێتەوە و نامێنێت و تا زیاتر لێبوردەیی و وریایی ڕووسەکان- چونکە نەتەوەیەکی ستەمکار بوون – بەکاربهێنن، بە دڵنیاییەوە ئەم بێمتمانەییە لادەبرێت. بە دانپێدانانی حکومەتەکانی پۆڵەندا، لاتڤیا، لیتوانیا، ئیستونیا و فینلەندایە کە دەتوانین هێواش هێواش متمانەی جەماوەری کرێکاری دەوڵەتە بچووکەکانی دراوسێ بەدەستبهێنین؛ ئەوانەی زیاتر دواکەوتوو بوون و فێڵیان لێ کراوە و زیاتر لە لایەن سەرمایەدارەکانەوە ئازاریان چەشتووە. ئەمەش دڵنیاترین ڕێگایە بۆ کاریگەریکردن لەسەر سەرمایەدارە نەتەوەییەکانی "ئەوان"، و بەرەو متمانەیەکی تەواو بە داهاتووی کۆماری یەکگرتووی سۆڤیەتمان ببات.

ئەوەی کە بۆرژوازی هەموو وڵاتان و هەموو جۆرە حیزبە بچووکە بۆرژوایییەکان، واتە ئەو لایەنانەی کە ڕێگە بە هاوپەیمانی لەگەڵ بۆرژوازی دژی کرێکاران دەدەن، هەوڵی زیاتر دەدەن بۆ بەدیهێنانی، ئەوەیە کە کرێکارانی نەتەوە جیاوازەکان جیا بکەنەوە، بۆ ئەوەی بێ متمانەیی دروست بکەن و هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی نزیک و برایەتی نێودەوڵەتی کرێکاران تێکبدەن. هەر کاتێک بۆرژوازی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دۆزی کرێکاران لە دەست دەچێت. بۆیە کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەبێ بە لێبوردەیی و کۆڵنەدان و خۆڕاگری و هەوڵی هاوبەشەوە، فێتە ناسیۆنالیستییەکانی بۆرژوازی ئاشکرا بکەن و هەموو جۆرە هەوڵێکی ناسیۆنالیستی لەناوببەن و لە ململانێی دەسەڵاتی سۆڤیەتدا، بۆ ڕووخاندنی ستەمی خاوەن زەوی و سەرمایەدارەکان، ببنە نموونە بۆ کرێکارانی جیهان بۆ کۆمارێکی فیدراڵی شورایی جیهانی.

لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بورژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانێت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بورژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاری، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیان، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردەوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێل و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

**ئینتەرناسیۆناڵ: بە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی بلۆکی ڕۆژهەڵات، لە هەموو شوێنێک باس باسی سەرکەوتنی دیموکراسییە. دەڵێن بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دیموکراسی لە ١٧٠ وڵاتدا بەرقەرار بووە. تێکڕووخانی یەک لەدوای یەکی دیکتاتۆرییە سەربازییەکان لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین لەم چەند ساڵەی دواییدا، هاتنەسەرکاری هەندێ دەوڵەتی تازە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی لە هەندێ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، وە یان لەم دواییە لە ئەفریقادا، دەکەنە بەڵگەی ئەم مەسەلەیە. ئێوە ئەم ڕووداوە چۆن لێک دەدەنەوە؟ ئایا ئەوەی ڕووی داوە بە ڕاستی کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییە سەربازییەکان و حوکوومەتە سەرکوتگەر و تۆتالیتارەکانە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** وا پێ دەچێ باسی سەرکەوتنی دیموکراسی لەم دواییەدا خامۆش بووبێتەوە. لە دوو سێ ساڵی ڕابردوودا و لە گەرمەی ئەم باسەدا لێکدانەوەی خۆم خستە ڕوو. سەردەمی هەرەسهێنانی دیکتاتۆرییەکان (هەر ئەو کاتەش دەستەواژەیەکی خۆشباوەڕانە بوو کە بووبوە وێردی سەر زمانی سیاسەتمەدارە لیبراڵی و ڕۆشنبیرە ناڕازییەکانی وڵاتانی دواکەوتوو و بلۆکی ڕۆژهەڵات. ئەمە نیشانەی شادمانی ئەوان بوو لەوەی کە بە بۆنەی سەرکەوتنی بلۆکی ڕۆژئاوا بەسەر بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا پاداشتێک وەردەگرن. زۆر زوو ئاشکرا بوو کە شتی لەم بابەتە لە ئارادا نییە. ئەگەر لە بیرتان بێت بۆ نموونە کۆماریخوازە ئێرانییەکان، تەنانەت خۆیان ئامادە کردبوو کە بەرەو تاران بڕۆن و جەژنی دەستپێکردنی ئەم سەردەمە لە هاوشانی پرێزیدێنت ڕەفسەنجانیدا بگێڕن. ئەمڕۆ خەریکن زەرەر و زیانیان دەژمێرن. بە هەر حاڵ بەم دەستەواژەیە ئەم توێژە کۆمەڵایەتییە و بە دوای ئەوانیشدا بەشێک لە خەڵکی بێبەش چ لە ڕۆژئاوا و چ لە ڕۆژهەڵات و چ وەک پێی دەڵێن لە باشووردا، کەوتنە دوای ئەڵتەرناتیڤەکانی ڕاستڕەوی نوێ و چاویان بڕییە ئاسۆی سیستەمی نوێی جیهانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا. ئەم خۆشباوەڕییانە ئەمڕۆ زۆر لاواز بووە.

ئاشکرابوو کە کۆتاییهاتنی جەنگی سارد بە مانای پەرەسەندنی ئازادی و مافە مرۆییەکان، وە یان ئاشتی و خۆشی کۆمەڵایەتی نییە. بە پێچەوانەوە هەموو دنیا باس لە ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم سێ ساڵەی دوایی و نائارامی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە ئاستی دنیادا دەکات.

ئەوە ڕاستە کە ژمارەیەک لە ڕژێمە سەربازییەکان، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەمەریکای لاتین لەناوچوون و لە جێگەیاندا دەوڵەتی مەدەنی دامەزراوە. بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا هێشتا شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بە توندوتیژی یان سستی سەرکوت و ستەم لەم وڵاتانەدا دەرناخات. ڕژێمە سەربازییەکان تەنها شێوە، یان تەنانەت باوترین شێوەی سەرکوتی سیاسی نەبوون. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا جێگرتنەوەی حوکوومەتە سەربازییەکان بە حوکوومەتە ناسەربازییەکان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لە هەڵسوکەوتی دەوڵەت و تەنانەت لە پەیکەری دەوڵەتدا پێک نەهێناوە. تا ئەو شوێنەی کە دەگەڕێتەوە بۆ تۆتالیتاریزم، واتە چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی هەموو جم و جووڵە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان لە لایەن دەزگا دەوڵەتییەکانەوە. بە سەرهەڵدانی حوکوومەتە ئیسلامییەکان و هەروەها بە پەرەسەندنی دەسەڵاتی فەرمیی کڵێساکان لە وڵاتە جیاجیاکاندا، ئەم لایەنە تەنانەت لە هەندێ لە ڕژێمەکاندا بە هێز بووە. ئەوەی کە لە هەندێ لە وڵاتە هەژارەکاندا حوکوومەتە ناسەربازییەکان جێگای حوکوومەتە سەربازییەکانی گرتۆتەوە، پێش ئەوەی لە ئەنجامی هێرشی ئازادیخوازیدا بێ، لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری ئابووری بوو لەم وڵاتانەدا و هەروەها لە ئەنجامی بەرەو لەناوچوونی کارکردنی کۆمەڵایەتی ڕژێمە سەربازییەکان بووە لەم وڵاتانەدا. گیروگرفتی لەمێژینەی ئەم وڵاتانە بە شێوەیەکی سەرەکی، گەشەی ئابوورییە. لایەنی ئیجابی ڕژێمە سەربازییەکان بۆ بۆرژوازی ئەم وڵاتانە بڕیار بوو، بریتی بێت لەمانە، لە نێوبردنی پەرشوبڵاوی سیاسی لە ناوخۆی چینی دەسەڵاتداردا، بەرقەرارکردنی ستەم و سەرکوتی توندوتیژی چینی کرێکار و سەرەنجام پێکهێنانی زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ زیادکردنی سوودی سەرمایە و تێکڕای گەشەی ئابووری. ئەمڕۆ بە شێوەیەکی گشتی ستراتیژییەکانی گەشەی ئابووری لەم وڵاتانەدا بە بنبەست گەیشتووە. ئێستا لە هەموو لایەک چاویان بڕیوەتە میکانیزمی بازاڕ و بێگومان ئازادیی کاری سەرمایەی تایبەتی. حوکوومەتی سەربازی بووەتە مایەی ناڕەزایەتیی گشتی و نائارامی سیاسی، بێ ئەوەی بتوانێ بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت ئیتر هیچ دەردێکی بۆرژوازی ئەم وڵاتانە دەرمان بکات. بە هەر حاڵ دیموکراسی، بەو مانایەی کە دەڵێن ئەمڕۆ سەرکەوتووە، دژایەتی لەگەڵ تێزی زوڵم و سەرکوت نییە، بەڵکوو تەنها بە مانای بوونی جۆرێک لە ئەنجوومەنی سەرتاسەری نوێنەرانە لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی گشتی (مەرجیش نییە هەڵبژاردنێکی ئازاد بێت). ئەمە بێگومان لە حوکوومەتی ئاشکرای سوپا و پۆلیس باشترە، چونکە بانگەشەی بۆرژوازی بە ئازادبوونی کۆمەڵ چ لەڕووی سیاسی و چ لەڕووی فیکرییەوە تا ڕادەیەک ئازادی بۆ چینی کرێکار و توێژە ستەمدیدەکان و لایەنگرانی ئازادی فەراهەم دەکات. بەڵام ئەمە تا ئەو ڕادەیە نییە کە شایانی سەما و هەڵپەڕکێ بێت. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حوکوومەتە بۆرژوازییەکان لە وڵاتانی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتیندا کە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بریتییە لە قەدەغەکردن، وە یان تەنگەبەرکردنی جیددیی بزووتنەوە و ڕێکخراوە کرێکاری و سۆسیالیستییەکان، تەنگەبەرکردنی ئازادیی ڕادەربڕین، هەڵسووڕانی سیاسی، ڕێکخرابوون و ناڕەزایەتیی دەربڕین، بوونی دەزگا سەربازی و پۆلیسییە دەسەڵاتدار و سەرکوتگەر و سەروو قانوونییەکان، بوونی وەزارەتێکی دادی گوێ لە مشتی دەوڵەت، زامننەبوونی مافە سیاسی و مەدەنییەکان بۆ هاوڵاتیان، ئاساییبوونی ئەشکەنجە، بوونی حوکمی ئیعدام، وە لە یەک قسەدا بێمافی و دەست بەستراویی هاوڵاتی لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتیدا، لە بنچینەدا لە جێگای خۆی ماوەتەوە. دەتوانین هەر لە ئۆقیانووس و ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵاتەوە تا باکووری ئەفریقا و ئەمەریکای باشوور، یەکیەک وڵاتەکان بژمێرین و حوکم بدەین.

ڕاستییەکەی من ئامادەم ئەوە قەبووڵ بکەم کە دیموکراسی هەر ئێستا لەسەد و حەفتا وڵاتدا سەرکەوتووە، واتە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە کەسانێک وەکوو نوێنەری ئەنجوومەن، لە کیسەی خەڵکی مانگانە وەردەگرن بەرقەرارە. هەڵبەتە ئەمە لیتوانیا و ئیستوانیا کە نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتووان بە تاوانی ئەوەی کە بە زمانی ڕووسی لایلایە بۆ منداڵەکانیان دەکەن، مافی دەنگەکانیان نییە، میسر، ئەردەن، ئێران کۆریای باشوور، لەم دواییانەدا کوێت، کینیا و وڵاتانی تری لەم بابەتە دەگرێتەوە. کاسە لە چێشت گەرمتر نابێت. ئەگەر لە ڕوانگەی دیموکراتەکانەوە ئەو هەلومەرجەی کە لە دنیادا بەرقەرارە ناوی دیموکراسی بێت زۆر باشە، کەوایە ئاشکرایە کە کێشەی خەڵکی لەسەر ئەم دیموکراسییە نەبووە، بەڵکوو لەسەر ئازادی و بەرابەری بووە. ئاماری سەرکوتکردنە سیاسییەکان، ئیعدامەکان، ئەشکەنجەکان، ئەو یاسا و ڕێنوێنییانەی کە مافی بەشە جیاجیاکانی خەڵک تەنگەبەر دەکەنەوە، یان هەر لێیان دەستێننەوە، تا بگات بە هەژاری و بێ خانە و لانەیی و ئاوارەیی و مەرگ و لەناوچوون لەبەر بێ خۆراکی و بەدخۆراکی هەر لەم چەند ساڵەی سەرکەوتنی دیموکراسیدا، ئەمانە حوکمێکی ئیجابی لەبارەی دنیای ژێردەسەڵاتی دیموکراسییەوە نادەن بەدەستەوە.

**ئینتەرناسیۆناڵ: تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر دیموکراسی هەیە، لە ڕوانگەی ئێوەوە دیموکراسی چییە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** پێم وانییە مەبەستتان ئەوە بێت کە من لێکدانەوەیەک لەسەر دیموکراسی "واقیعی" و "ڕەسەن" بەدەستەوە بدەم. دیموکراسی لە سیستەمی فیکری مندا وەک کەسێکی سۆسیالیست و مارکسیست، دەستەواژەیەکی بناغەیی نییە. ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین. بۆ ئێمە ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە، وەلێ دیموکراسی، هەر وەک پێشووتریش باسم کردووە، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاریکراوە لە چەمکی فراوانتری ئازادی. دیموکراسی دەستەواژەیەکە کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوویدا لە ڕێگای ئەم دیموکراسییەوە چەمکی فراوانتری ئازادی لەقاڵب داوە. کەواتە تێگەیشتنی من لە دیموکراسی تەنها دەتوانێ تێگەیشتنێکی بابەتی و مێژوویی بێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

کەسێکی لیبراڵ یان دیموکرات، کەسێک کە دیموکراسی یەکێکە لە ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانێ لێکدانەوەیەکی "داخیلی" و زاتی لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بە دەستەوە بدات، دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسی واقیعی چییە و چی نییە. بەڵام بە ڕای من کەسێکی مارکسیست دەبێ مانای مێژوویی و پراکتیکی دیموکراسی و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی باس بکات. دیموکراسی، نەک وەکوو زاراوەیەک لەم یان لەو کتێبی کۆندا، بەڵکە وەکوو ڕاستییەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن لە دیموکراسی هەیە و لەڕووی مێژووییەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە، وە یان لێکی داوەتەوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوەی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێردەستەکان بووە و لە لایەن بیریاران و بزاڤەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە دەرناخات کە ئەم چەمکە بۆرژوایی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتداریێتی ئایدیۆلۆژی و ترمینۆلۆژیی بۆرژوایی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا نیشان دەدات. کۆمەڵگای بۆرژوایی توانیویەتی چەمکی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنووری کۆتایی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە ژێردەستەکان و شێوەی کۆتایی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ئێوە بۆ ئازادی دەجەنگن و دوای "سەرکەوتن" پەرلەمان و "پلۆرالیزم" بەدەست دێنن.

بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم چەمکەی کردۆتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و نارۆشنترین چەمکەکان لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکاندا. بزووتنەوە و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان، بە ئامانج و بەرژەوەندیی جیاواز و جاروبار دژ بەیەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووە و دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نییە. هەلومەرجی سیاسیی جیاجیا لە لایەن ڕەوتە جیاجیاکانەوە بە دیموکراسی ناوبراوە. هەر لە دەربڕینە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردییەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە مرۆڤدۆستانە و حەقخوازانەکان، وجوودیان بووە و هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادیخوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە، بناسین و پێناسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی چەمکی دیموکراسی، هەر بەم شێوە گشتییەی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەوە پاش ئەوەی ئەو سیفەت و پاشگر و پێشگرانەی کە دەخرێنە پاڵ دیموکراسی، ئینجاکە ئەم وشەیە مانایەکی ڕۆشنتر پەیدا ئەکات. وەک دیموکراسی لیبراڵی، دیموکراسی خەڵک، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی (representative)، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی ڕۆژئاوا و شتی تر. ئەم زاراوانە لەڕووی سیاسییەوە بە تەواوی زانراوە و دەکرێ پێناسە بکرێن و جیاوازییەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتییەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوە و هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیابکرێنەوە.

درێژەی دەبێت

**هونەر و ئەدەب ئەگەر نەتوانێت واقعیەتی ژیان و گوزەرانی زوربەی کۆمەڵگە، خەبات و تیکۆشان و خولیاکانی بۆ باشتر کردن و جوانکردنی ژیان و ئینسان دۆستی، نیشان بدات، هونەر و ئەدەبی بەرگری لە کەمایەتیەکە، بۆ هێشتنەوەی دۆخی باو... هونەری راستەقینە دژی دۆخی باوە!**

## درێژەی دوا وتە

هەرێم بەو حاڵەشەوە نادیارە، جا بگات بە دەرچوانی ئاسایی. دۆخی تەندروستی مەرگ هەژێنە، هێشتا بەهۆی نەبوونی دەرمانی زۆر سەرەتاییەوە، ژەهری دوپشک گیانی ئینسان دەکێشیت، بازاری کوردستان کراوەتە شوینیک بۆ ساغکردنەوەی، خراپترین کاڵاکانی دنیا. لە هاویندا گەرما و لە زستاندا سەرما، هاوڵاتیانی هەژار و نەدار هەراسان دەکات. باسی مافە فەردی و مەدەنیەکان، بۆ هەموو ئینسانێکی هوشیار تەکاندەرە. فەرد لەژێر سایەی ئەو دەسەڵاتە بە ئاسانی دەتوانێت دارکاری ژن و منداڵ بکات، ژن کوژی بکات، کەچی ماچ و خۆشەویستی نهێنیەو کوشتاری بەدواوەیە. ئازادی جل پۆشینی دڵخواز و ستایلی سەردەمی گێچەڵی لەگەڵە، چەند ژنە دەمەزەرد کراوەتەوە، دەستی دین ئاوەڵاکراوە خۆ بخزێنێتەوە وردو درشتی ژیانی سیاسی و یاسایی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەوە. یاسا و میلیشیا بۆ هاوڵاتیانی سادە، بەزیادەوە پەیرەو دەکرێت، کەچی هیچ دزو تاڵانچی و گەندەڵچیەکی حزب و بەرپرس سزا دەستی پێی ناگات. ئازادی سیاسی و بیروباوەر لە نێو تەلبەندی پیرۆزییە نیشتیمانی و قەومی و دینی و ڕەمزو ئەخلاق و کەلتوردا، زیندانییە. ئەمانە ئەو هەلومەرجەن کە وای لە خەڵکی کردووە بەتایبەت لاوان بەناچاری ڕێگای دەربازبوون لە دۆزەخ و بەناو دۆزەخی دەیان مەترسییدا وەکو پۆلیسە پەروەردەکراوە مێشک شۆراوەکانی سنور و بەناو تەلی درکاوی و کیڵگەی ئەلغام و دارستانی هەوا بڕ و شەپۆلی بی ڕەحم و نەزانی دەریا و و ترێلە سەر قەپاتکراوەکاندا، ڕێگای هات و نەهات بگرنە بەر... بۆئەوەی بێ ژیانی جێ بهێڵن و دەستیان بە ژیان بگات.

ئەگەر لە وڵاتانی کەمێک کراوە و خاوەن ماف و ئازادیدا، خەڵک و لاوان، بەمەبەستی سەیران و گەشت، دەستکەوتنی زانیاری و بۆ خوێندن و زیاترکردنی پسپۆری یان بۆ پشودان، یان لە پێناو ژیانی باشتردا سەفەر و شوێنی ژیانیان بگۆڕن، ئەوا خەڵکی کوردستان لەدەست بێ ژیانی بەدوای ژیاندا وێڵن و ناچارن رابکەن. ئەوەی دەسەڵات و بەشیک لە نووسەر و کادرە تەسەلەکانیان، سەبارەت بە هۆکاری ئەو راکردنەی خەڵک بەیانی دەکەن ئەوە نیشان دەدات ئەوەی بۆیان گرنگ نەبێت، ڕۆشتنی خەڵک و جێ هێشتینی کوردستانە...

ئەم چارەنووسە، براوە نییە، ڕەها نییە، بێ ڕێگاچارەش نییە... دەکرێت پێچەوانە بکرێتەوە... دەسەڵات و خێڵی نۆکەریان ئەگەر تۆزقاڵیک ویژدانی زیندووی بوایە، دەبوایە بەو هۆی ئەم کوشتارەوە کە لاوان هاوڵاتیانی ڕووبەڕووی دەبنەوە، دەستیان لە کار کیشابایەتەوە.

بۆ ئەم دۆخە ڕێگاچارە ئەوەیە خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی لاوانی نارازی و دڵ پڕ لەهیواو خاوەن خەون... ڕێگای تیکۆشان و خەبات هەڵبژێرن، بۆ گۆڕینی ئەو جەهەنەمەی دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی خولّقاندویەتی. جێهێشتنی کوردستان ڕێگاچارە نییە بۆ گۆرینی دۆخی نەخوازراوی هەرێم و بێمافیەکان. لاوان سەرمایەکی گەورەی داهاتوو و وە هیزی نەخشاندنی داهاتووی کۆمەڵگەن. پێویستە لاوان بیر لە گۆرانکاری لێرە لە کورستان بکەنەوە، بە خەباتی بەردەوام و نەخشەمەندانەی خۆیان پاشەکشە بە دەسەڵاتی میلیشیایی بکەن و خواستە سادە ئیسانیەکانی خۆیان بەسەر ئەو دەسەڵاتەدا بسەپێنن و لەو درێژەی ئەو خەباتەشدا، هەڵپێچانی ئەو دەسەڵاتە بکەنە خولیایەک، بۆ لەدایک بوونی خەونی نوێتر و داهاتووی باشتر. ئەو هەموو قوربانیەی لەرێگای دەست راگەیشتن بە ئەوروپا و ئەمریکاو ئوسترالیادا، لە ڕێگا و دەریا و سنورەکاندا دراوە، دەیتوانی لە خەباتدا لەگەڵ هاوچارەنووسەکانیان لە کوردستاندا بۆ هەڵپێچانی ئەو دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتەی ئیستای ڕەوانەی گۆڕستان کردبا.

بۆ ئەوەی ژیان و ژیانێکی شایستەی ئینسانی لە کوردستاندا، فەراهەم بێت، دەبێ ئەم دەسەڵاتە تالانچی و میلیشایی و سەرکوتگەر و ماف کوژە، بڕوات. ئەمە بەبێ خەباتێکی لێبراوانەو ڕۆشن و نەخشەمەندانەو ڕێکخراو کە لاوان ڕۆڵی بەرجەستەیان دەکەوێتە سەرشان، قابیلی بەدیهاتن نییە. با بە تورداني ئەم دەسەڵاتە، هیزەکانمان کۆبکەینەوەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و تەسەل و ئینسانی بنیات بنێین... ئەو کاتە گەشت و سەفەر و دنیا بینین مانایەکی تر پەیا دەکات و لە ناچارییەوە دەبێتە پیویستیەک بۆ ژیان.

**سەرەتای تەموزی ٢٠٢٤**

**نووسینی: عەبدوڵا مەحموود**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
بنار مستەفا، ڕێبوار حەمە شەریف، عامر سابیر، وریای ڕەسام، سەردار عەبدوڵا حەمە، عەلی مەحمود، خالید بایەزیدی، بەندی عەلی، کاوان قادر،خاڵە حەمە، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، توانا حەمە نوری، ...

## دوا وتە

# بۆ دەست ڕاگەیشتن بە ژیان، ژیان لەدەست دەدەن!

ڕۆشتنی بەلیشاوی و هاوڵاتیانی هەریمی کوردستان بەتایبەتیش لاوان، بۆ وڵاتانی ئەورووپایی بەردەوامە... هیچ مەترسی و هەرەشەیەکی ڕێگا، لیشاوی ئەم ڕۆشتن و شەپۆلی خۆ دەربازکردنە ناتوانێت بەر پێبگرێت، کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەسەر خەڵکی کوردسانیدا سەپاندووە.

راکردنی خەڵکی کوردستان و لەپێشیانەوە لاوان هەڵبژاردنێکی دڵخوازانە نییە، گرتنەبەری ڕێگایەکی ناچارییە، لەبەرامبەر بە هێرشی بەردەوامی دەسەڵاتی میلیشییایی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتیدا.

خەڵکی کوردستان بۆیە ناچارن کوردستان جێ بهێڵن، چونکە ژیان و گوزەرانی ئیستایان، ئایندەی خۆیان و منالەکانیان، خەونی لاوان و تازە لاوان، کوشتار کراوەو دەکرێت. لە وڵاتێکدا، نان نەبێت، نان یانی کار، موچە، دامەزراندن، خزمەتگوزاریی، ئایندەی خوێندن، بیمەی بیکاری و تەندروستی... و دەیان ویستی سەرەتایی تر نەبن یان لەژێر هەرەشەدا بن، واتە ژیان نییە. ئەوەی لە کوردستان هەیە دۆزەخێکی مەرگچین و جینۆسایدیکی پلەپلەی ئاشکرایە. کۆمەڵێک مافیای خاوەن هێزی چەکداری و لوشدەری هەموو داهات و سامانی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەوەی ڕێزی بۆ دانەنێن ئینسانە. ئەوەی بیری لێنەکەنەوە مافە، ئەوەی بەخەیاڵیاندا نایەت دارمانی شکۆی تاکەکانیەتی. ئەوەی لەدەستیان بێت، بۆ کوشتنی خولیاو خەونی هاوڵاتیان دەستی لێناپارێزن. لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی ئاوادا، ئاسایترین دیاردە ئەوەیە خەڵک بۆ دەست راگەیشتن بە ژیان، شوێنی نیشتەجێ بون و بێ ژیانیان جێ بهێڵن.

خەڵکی کوردستان لەسەر دەریای نەوت و غازو سامانن، کەچی خەڵکەکەی دەبێ تا دەیان ساڵی تر بچنە ژێر قەرزی فرۆشتنی نەوتی!! دەسەڵاتی تالانچیەوەو خۆشیان موحتاجی دەبەیەک نەوت و بەنزین و گاز و غاز بن. خەڵکی کوردستان سۆماڵ و سودان نییە وشکە ساڵی بیهارێت، کەچی کەرتی کشتوکاڵی داروخاوە، ئاوی خواردنەوە دەستکەوتنی قورسە. سی دەهە زیاترە دەسەڵات لە کوردستان بایی کارەبای هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراست بودجەی بۆ کارەبا تەرخانکردووە، کەچی تا ئێستا کارەبا بۆتە خەونێکی وەدی نەهاتوو لە ناو چراغانی ڤیلاو باغی بەرپرسە دزەکانی کارەباو نانی هاوڵاتیاندا. مەرگی روداوەکانی هاتوچۆ بەهۆی خراپی ڕێگاو بانەکانەکان، ئامارێکی ناوازەیە لە گیانکیشانی ئینسان. خوێندن و پەروەردە بەتەواوی دارماوە و ئایندەی دەرچووە یەکەمەکانی

بۆ لاپەڕە 12

## هۆنراوەی بەندی عەلی شاعیر



هەر کە باسی داد و ئازادیم کرد بێ..
ڕاوچی و قەفەس وورۆژاون، چنگی داڵ و لوتی
قولاپ لێم تۆراون...
گورگە و نەهەنگ...
گەرچی لە زاری یەك
ناگەن، وەلێ...
هەردوو پێکەوە لێم هاتوونە دەنگ!! بێ ئەوەی بابی
هیچکامیان بە پیلانی من مرد بێ ..
لێیان گرتووم جەمسەری
جەنگ.. هەر کە باسی دادو ئازادیم کرد بێ..
هزر، مەلێکی ئازادەو گوێ بە هیچ قەفەسی نادا، لە فڕیندا بەرەو مەبەست ..
تەنانەت گەر تولەکانی
لە شمشێر بن !
تۆ چی بەسەر کێدا، بەزۆرفەرز دەکەی ..
شمشێر بە دەست؟

## بەرهەمی نوێی هونەرمەند وریای ڕەسام

